دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٨٢،شەممە، ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

* حیزبی دێموکرات بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆبووەوە ٢

* ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ ئێعدامی زیندانیانی کوردی ڕەجایی شاری کەرەج ٢

* ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی خاڵۆ حوسێن کۆکەن ٢



مستەفا چەمران، نوێنەری تێرۆر لە کوردستان ٤



ئابووری و کاریگەرییەکانی لە سەر کۆمەڵگە ٦



کاتێک لەکەکان دەبنە دڕکی چاو ٨



مستەفا هیجری: ئێران دوژمنی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و وڵاتی ئیسرائیلە ١٠

# سێدارە، زمانی ڕاستەقینەی ڕێژیمی ئێرانە



لە درێژەی ڕەوتی ترساندن، فیرقەگەرایی و خەفەقانی سیاسی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەیان کەس لە زیندانیانی سیاسی – عەقیدەتی کورد لە سێدارە دراون.

لە دژکردەوە بەم سەرکوتانە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک زیادکردنی ڕەوتی سەرکوتەکان لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامیی مەحکوم کرد.

لە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتدا کە ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی گەلاوێژ بڵاو کرایەوە، وێڕای ئاماژە کردن بە ڕێژەی زۆری زیندانییە سیاسی و عەقیدەتییەکانی کورد لە زیندانی ڕەجایی شەهری کەرەج، هاتووە: «ئێعدام‌کردنی ئەو کۆمەڵە لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژی سێ‌شەممە١٢ی گەلاوێژ لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوو لە گەشە و پەرەگرتنە و نارەزایەتی لە ڕێژیم و دەزگا سەرکوتکەرەکانی لە لوتکەی خۆی دایە، ڕێژیم پێی وایە کە بەم شێوەیە دەتوانێ خەڵک چاوترسێن بکا و لە بەشداریی ئەوان لە خەباتدا پێشگیری بکات.»

هەروەها لە بەشێکی دیکە لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە:»حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم‌کردنی ئێعدامی ئەم کۆمەڵە لە ڕۆڵەکانی کورد بە هەر بیانوو و تۆمەت وەپاڵدانێک، داوا لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەکات کە لە هەر ڕێگایەکی مومکینەوە هەوڵی ڕاگرتنی ئێعدام لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بدەن و بەرانبەر بە ناعداڵەتییەکانی دەزگای قەزایی ڕێژیم و دەرکردنی حوکمی نارەوا ئێعتراز بکەن.»

ڕێکەوتی ١٥ی گەلاوێژ «زەید ڕەعد حسەین» کۆمیسێری بەرزی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بەم ئێعدام کردنانە وتی: «ئەمە هێمای ڕاستەقینەی «نادادپەروەرییەکی قێزەونە».

لە نێوخۆی ئێرانیشدا مەولەوی عەبدولحەمید، بەرنوێژی هەینیی سووننی مەزهەبەکانی زاهێدان، ڕەخنەی لە ئێعدامی زیندانییە سوننی مەزهەبەکان گرت و بە ئاماژەکردن بە هەلومەرجی «هەستیار»ی ناوچە، ئەم کردەوەی بە کردارێکی نەشیاو و دوور لە داهاتوونواری وەسف کرد.

کانونی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی ئێرانیش بە سەرۆکایەتی شیرین عیبادی و فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤیش ئەم ڕەوتە لە ئێعدامەکانیان مەحکوم کرد.

ساڵی ڕابردووش لێبوردنی نێونەتەوەیی باسی لە زیادبوونی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران کردبوو و ئەو دادگایانەی کە بڕیاری لەم چەشنەی تێدا دەردەچێت، وەک دادگایەکی ناسەربەخۆ و بەدوور لە بێلایەنی وەسف کردبوو.

بەوتەی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ئێران لە ساڵی ڕابردوودا، پاش چین، دووهەمین وڵاتی جیهانە لەبواری ڕێژەی ئێعدامەکاندا.

حەوتووی ڕابردووش چاودێری مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندبوو کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاکوو ئێستا، لانیکەم ٢٣٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون.

دادستانی گشتی ڕێژیمی دژەمرۆیی ئێران ڕۆژی ٥شەممە ڕێکەوتی ١٤ی گەلاوێژ ڕایگەیاندبوو: ٢٠ کەس کە بەوتەی ناوبراو تووشی کردەوەی تێرۆریستی ببوون، لە ٣ پارێزگای ئێران، ئێعدام کراون؛ بەڵام هێشتا کۆمەڵێک هەواڵ و ڕاپۆرتی دژبەیەک لە پیوەندی لەگەڵ ڕێژەی ئێعدام کراوەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بڵاو دەکرێنەوە.

بەردەوامی و زیادکردنی ڕێژەی کوشتنی مرۆڤەکان بە بیانووگەلی جۆراوجۆر لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لەحاڵێکدایە کە لێپرسراوانی ڕێژیم و نۆکەرە ئاڵقەلەگوێکانیان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، بێ سەرنجدان بەم کوشتارانە، بەردەوام دەڵێن ئێران دورگەی ئارامی ناوچەیە و خەفەقان و کوشتنی ڕۆژانەی هاووڵاتیان وەک «ئەمنیەت» و «ئۆتۆریتە»ی خۆی ناو دەبات.

## پەیڤ

### فاشیزمی ڕوو لە مەرگ

کەریم پەرویزی

شۆوێنیزم، ڕەگ و ڕابردوویەکی دوور و درێژی لە کەلتوور و ئەدەبیاتی فارسیدا هەیە. لە سەردەمی ئوستوورە و چیرۆکە کۆنەکانەوە بیگرە تاکوو سەردەمی مێژووی نوسراو و دیار. لەو ئوستوورەدا بەردەوام غەیرە فارس بە دێو و دێوەزمە دەناسرێنەوە و لە مێژووی نووسراویشدا هەخامەنشییەکان خۆیان بە خاوەن فەڕ و غەیرە خۆیان بە بەدفەڕ دەناسن و داریووش، گیوماتا دەخاتە ژێر لاقی و کەتیبەی لێ دروست دەکا.

دواتریش لە شانامەی فێردۆسی‌دا، ئەو شۆوێنیزم و مەزنیخوازی و خۆ بە مەزن و جیاواز زانینە دەگاتە لووتکە و سەرتاپای شانامە و بیرۆکەی نوسینی لە لای فێردۆسی، بریتیە لە سووکایەتی بە گەل و نەتەوەکانیتر و غەیرە فارس.

ئەوەی کە لە کۆن و سەردەمی ئوستوورە و مێژووی خوێناویی مرۆڤایەتیدا هەبووە، ڕەگ و ڕابردووی شۆوێنیزم و مەزنیخوازی لە نێو زۆربەی نەتەوەکان و بەتایبەت ئەوانەی لە بیری داگیرکردنی خاکی دەوروبەردا بوون، هەبووە و شتێکی تایبەت بە نەتەوەیەک و یان تایبەت بە فارس نیە. بەڵام لە چەرخی نزیکدا، و بەتایبەت دوای تاوانەکانی هیتلێر و مووسوولینی و دوای دڕندەییەکانی ڕەزاخان و ئاتاتۆرک، ئیتر شۆوێنیزم و مەزنیخوازی لە لای هەموو نەتەوەکانی جیهان شتێکی بێزراوە و بە هەموو تواناوە ڕەد دەکرێتەوە و لە نێو هەر نەتەوەیەکدا گەر بە تۆزقاڵێک گرووپێکی بچووک سیمایەکی شۆوێنیستی و فاشیستی لە خۆی نیشان بدا، هەموو نەتەوە و خەڵک بە تێکڕا دژی دەوەستنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە لە نێو نەتەوەی فارسدا، هێشتا ڕەگەکانی شۆوێنیستی بەهێزن و هێشتا تێیاندا بەهێزە ئەو فیکرەی کە خۆیان بە سووکایەتی وسووککردنی نەتەوەکان و خەڵکی دیکە پێناسە دەکەن. بیرۆکەی ڕزیو و کۆنەپەرستانەی وەهایان تێدا هەیە کە دەڵێ منی ئێرانی(مەبەستی فارسە) ئەو خەڵکەم کە وەکوو تورک و کورد و عەرەب و بەلووچ و لوڕ و گیلەکی و ... دواکەوتوو نیم!

بەتایبەت کە ئێستا دەنگی نارەزایی خەڵکی غەیرە فارس لە ئێراندا بەرز بۆتەوە و نەتەوەکانی کورد و تورک و بەلووج و عەرەب و لوڕ و ... خەباتەکەیان پرهێزتر و تۆکمەتر بۆتەوە، سووکایەتیی شۆوێنیستی ڕیشەدار، توندتر و بێشەرمانەتر دەبێتەوە.

هەر ڕۆژە و لە گۆشەیەکەوە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دیداریان کرد



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دیدارێکدا لە شاری هەولێر دوایین پرسە پێوەندییدارەکان بە دوو لایەن و هاوکارییەکانیان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی لە دەفتەری پێوەندییەکانیان لە هەولێر کرد و لە لایەن هەیئەتێکی کۆمەڵە بە سەرپەرەستی عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەوە پێشوازیی لێ کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا موهتەدی وێڕای بەخێرهاتنی هەیئەتی حیزبی دێموکرات و خۆشحاڵی دەربڕینیان لەم سەردانەی هەیئەتی حیزبی دێموکرات، ئاماژەی بە کۆمەڵێک خاڵی گرینگ لە بواری هاوکارییەکانی نێوان دوو لایەنی دۆست و هاوپەیمان کرد.

موهتەدی، جارێکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدبوونی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کە لە ماوەی ڕابردوودا لە بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزە سەرکووتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران گیانیان پێشکەش بە ئامانجەکانی گەلی کورد کرد، هاودەردی و هاوخەمیی دەربڕی.

پاشان مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەسەر هاوکارییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و شوێندانەریی ئەو هاوکارییانە لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و لە هەرێمی کوردستان، هاوکارییەکانیان لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و چۆنیەتی بەشداری کردنی هەیئەتی هەردوولا لە کۆنگرەی داهاتووی ئەو ڕێکخراوەدا، قسەی کرد و ڕوانینی حیزبی دێموکراتی لەسەر ئەو بەشداری کردنە خستەبەر نەزەری هاوڕێیانی کۆمەڵە و داوای لێ کردن هەر دوو حیزبی ئەندام لەو کۆنگرەیە وەک پێویست دەور و ڕۆڵی سیاسی خۆیان بگێڕن. لە کۆتاییدا هەردوولا لەسەر درێژەدان بە سیاسەتی عەمەلی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە جەختیان کردەوە.

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی پارتی دێموکراتی کوردستان - باکووری کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکووری کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات مستەفا هیجری، سەردانی سکرتێر و هەیئەتی بەڕێوەبەریی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکووری کرد.

لەو سەردانەدا، هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە لایەن سەرتاج بووجاک سکرتێری گشتیی ئەو پارتە و هەیئەتی هاوڕێی پێشوازی لێ کرا.

لەم دیدارەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکووری لە سکرتێری ئەو پارتە و هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی پارتەکەی کرد.

پاشان دوو لایەن مەسەلەی کوردیان لە هەموو بەشەکان تاوتوێ کرد و هەماهەنگی و پێویستیی هاوکاریی زیاتری هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجی ئێستادایان بە گرینگ زانی و لە سەر بەرینترکردنی پێوەندییەکانی دوو لایەن جەختیان کردەوە.

# حیزبی دێموکرات بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆبووەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی بەرینترکردنی خەبات دژی ڕێژیمی ئێران، لە چوارچێوەی گوتار و ستراتژیی نوێی ڕاسان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆبووەوە.

لە نەورۆزی ئەمساڵەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی گوتار و ستراتژی نوێی زیندووکردنەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو ئاوێتە بوون بە خەڵک و گەشەپێدان بە ڕەهەندەکانی خەباتی ڕێکخستنی و جەماوەری، تا ئێستا کۆمەڵێک لە باشترین پێشمەرگەکانی لە بەرگری ڕەوادا گیانیان بەخت کردووە و بارتەقای ئەو تێچووەش وەدیهێنانی ئامانجی سەرەتایی لە پەیوەست بوونی دووبارە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بە ڕۆژەڤکردنی ئەو پرسە سیاسی و نەتەوەییە لە ئاست ناوچە و جیهاندا هێناوەتە ئاراوە و پێشانی دا کە دەسەڵاتی سەربازی و ئەمنیی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ئیرادەی خەڵک و تێکۆشەرانی، شتێکی ساختەیە.

لە دەرەنجامی تێگەیشتنی هەمیشەیی و ئاکامی ستراتژی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک هەمیشە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی وایە کە دوژمنی سەرەکیی گەلی کورد کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لە بەرانبەریدا خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش وێڕای هێزە خەباتکارەکانی، خاوەن ئەزموون و ڕێکخستن و بەرنامەی سیاسی خۆیانن. بۆیە بەو تێگەیشتن و ستراتژییەوە، لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات لە ئاست بەرپرسیاریەتی سیاسی خۆیدا، ڕووی لە حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد تاکوو هەڵگری ئەو پەیامە بێ کە ستراتژیی گرێدانی خەباتی شار و شاخ، ستراتژییەکی نیشتمانی و نەتەوەییە و پێویست دەکات هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەدەر لە جیاوازیی فکری و ڕێکخستنیەکانی نێوانیان، بتوانن لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی داگیرکەر بۆ مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات، تێکۆشانی خۆیان هەماهەنگ و بەرفراوانتر بکەن.

بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی «محەممەدنەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسی بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو سەردانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان کرد و لە کۆی ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ ئەو حیزب و لایەنانەدا هەیانبوو، ئەو تەوەرانەی کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەست بوون بە ستراتژی خەباتی هاوبەش لە ڕۆژهەڵات و چۆنیەتی هاوکاری و هەماهەنگیی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم خەباتەوە خرانە بەر باس و گەنگەشە و هەر یەک لە لایەنەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەم هەنگاوەی حیزبیان بە باش زانی و بە سینگ فراوانییەوە کاری هاوبەشیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک پێویستییەکی هەنووکەیی زانی و بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیی خۆیان سەبارەت بە پێوەندیی بەردەوام لە بواری کردەوەیی‌دا دەربڕی.

ئەو حیزب و لایەنانە سیاسییانەی کە بەم مەبەستە سەردانیان کراوە بریتین لە :

- ـ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- ـ سازمانی کوردستانی حیزبی کمۆنیستی ئێران ( کۆمەڵە)
- ـ هاوڕێیانی پێشوو
- ـ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- ـ یەکیەتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ـ یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان

# ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ ئێعدامی زیندانیانی کوردی ڕەجایی شاری کەرەج

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بڵاو کراونەتەوە، ڕۆژی سێ‌شەممە ١٢ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی بەرانبەر بە٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ژمارەیەک لە زیندانیانی کوردی «ڕەجایی شاری» شاری کەرەجی ئێعدام کردووە.

هەرچەند لە ڕاگەیەندراوی دادگوستەریی پارێزگای کوردستان، کە لە تەلەڤزیۆنی ئەو پارێزگایە بڵاو کرایەوە، ئاماژە بە ژمارەی ئەو ئێعدامکراوانە نەکراوە، بەڵام هێندێ هەواڵ لەبەردەستدایە کە ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە دە کەس زیاتر نیشان دەدات.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کاریەوە و بە ئێعدامی ئازادیخوازان، ڕۆڵەکانی کورد، جیابیران، پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی دیکە و بەگشتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەربڵاو بەڕێوە بردووە و بۆ ئێعدامی هەرکامیشیان تۆمەتی جۆراوجۆری دوور لە ڕاستیی وەپاڵ داون، بەڵام ئەو ڕەوتە لەم دوایانەدا ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەویش لە حاڵێکدایە کە داوای بنەماڵەی ئێعدامکراوان بۆ دوایین دیدار، داخوازی پارێزەری ئەوان بۆ پێداچوونەوە بە حوکمەکەیان و نامە و داوای مامۆستایانی ئەهلی سوننەت بۆ خامنەیی و چەند دەزگایەکی حکومەتی، بێ‌وەڵام ماوەتەوە. ئێعدامکردنی ئەو کۆمەڵە لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژی سێ‌شەممە١٢ی گەلاوێژ لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوو لە گەشە و پەرەگرتنە و نارەزایەتی لە ڕێژیم و دەزگا سەرکوتکەرەکانی لە لوتکەی خۆی دایە، ڕێژیم پێی وایە کە بەم شێوەیە دەتوانێ خەڵک چاوترسێن بکا و پێشگیری لە بەشداریی ئەوان لە خەباتدا بکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئێعدامی ئەم کۆمەڵە لە ڕۆڵەکانی کورد بە هەر بەهانە و تۆمەت وەپاڵدانێک، داوا لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەکات کە لە هەر ڕێگایەکی مومکینەوە هەوڵی ڕاگرتنی ئێعدام لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بدەن و بەرانبەر بە ناعداڵەتییەکانی دەزگای قەزایی ڕێژیم و دەرکردنی حوکمی ناڕەوا ئێعتراز بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی
٣ی ئاگوستی ٢٠١٦ی زایینی

# ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی خاڵۆ حوسێن کۆکەن




بە بۆنەی کۆچی دوایی خاڵۆ حوسێنەوە

مخابن ڕۆژی سێ‌شەممە، ڕێکەوتی ٥ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، حوسێن عوسمانی ناسراو بە خاڵۆ حوسێن کۆکەن، لە نەخۆشخانەی شاری پاوە کۆچی دوایی کرد.

خاڵۆ حوسێن، لە گوندی دڕۆڵەی نزیك شاری پاوە لەدایك بووە. ئەو لە دڵی شاخێکی نزیك شارۆچکەی باینگانی سەر بە شاری پاوە، خانوویەکی بەردینی دروست کرد کە چەندین ژوور و حەمام لە خۆ دەگرێت و تەنانەت قەبری خۆشی هەر لەوێ هەڵکەندبوو، هەر ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە ناسناوی فەرهادی سەردەمی پێ بدرێت. خاڵۆ حوسێن لە کۆتاییەکانی پاییزی ڕابردووەوە بە هۆی کەوتنە خوارەوە لە تاشەبەردێك، لە جێگادا کەوتبوو و دوای ٨٥ ساڵ تەمەن، ماڵئاوایی لە نێشتمان کرد.

جێی ئاماژەیە کە خاڵۆ حوسێن جیا لە هونەرەکەی، کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و مرۆڤێکی خەباتکار بوو. ماوەیەك لە باشووری کوردستان بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلوولدا کردووە. بۆ ماوەیەکیش شانبەشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند جەولەیەکی نیزامی‌دا بەشداریی کردووە. دوای ئەوەی کە دڕۆڵە گیرایەوە، وێڕای بنەماڵەکەی ڕوویان کردە گوندی بانەوڕێ و لەوێوە دەستی بە هەڵکەندنی شاخ کرد.

دام و دەزگاکانی ڕێژیم، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵیان دا ئەو شاخە و بەرهەمەکەی بکەنە ژێرکۆی ئاسەوارە مێژووییەکان، بەڵام کۆڵی نەدا و پێی ڕاگەیاندبوون کە ئەو شاخە موڵکی کوردە و وەك بۆخۆی ڕایگەیاندووە، ژوورێکیشی تایبەت کردووە بۆ ڕێبەری حیزبی دێموکرات. جێی ئاماژەیە کە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانەی خاڵۆ حوسێن، ببووە جێگای هیوا و دڵگەرمی بۆ لاوان و تێکۆشەرانی ناوچەکە.

لێرەدا بە ناوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی لە کەس و کاری خوالێخۆشبوو و خەڵکی ناوچەکە و سەرجەم نیشتمانپەروەرانی کوردستان دەکەین. گومان لەوەدا نیە کە کۆچی دوایی خاڵۆ حوسێن خەسارێکی گەورە بۆ کۆمەڵگای کوردستان بوو و خەمێکی گەورەی لە سەر دڵی لاوانی بە هەست و شۆڕشگێڕی کوردستان دانا.

هیوادارین کە ئاکار و کردەوە و ڕەوشتی بەرز و شۆڕشگێڕانەی خاڵۆ حوسێن ببێتە ڕێچکەیەك لە بەردەم لاوان و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان.

یادی بەرز و ڕەوانی ئارام بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٦ی گەلاوێژی ١٣٩٥

# حیزبی دێموکرات هێرشە تیرۆریستییەکەی شاری قامیشلووی مەحکووم کرد

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هێرشە تیرۆریستییەکەی شاری قامیشلوو پەیامێکی هاوخەمیی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

پەیامی هاوخەمیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئاگادار کراین کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٥/٥/٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠١٦/٠٧/٢٧ی زایینی بە هۆی دوو تەقینەوە لە شاری قامیشلوو، بەداخەوە بە دەیان کەس لە خوشک و براکانمان لە خەڵکی ئەو شارە شەهید و بریندار بوون.

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو هێرشە تیرۆریستییە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدانی ئەو ڕووداوە دەکەین و داوای شفای بە پەلەمان هەیە بۆ بریندارانی ئەم ڕووداوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٦/٥/١٣٩٥ی هەتاوی
٢٧/٧/٢٠١٦ی زایینی

## درێژەی پەیڤ

لەوپەڕی ناتوانیی فیکریدا، سووکایەتی بە گەل و نەتەوەیەک لە ئێراندا دەکەن و ئەمە نیشاندەری داماویی فاشیزمە کە لە پەلەقاژەی ڕووخانی وەهمەکانی‌دا، پەلاماری دەوروبەر دەدا.

ئەڵبەت هەموو فارسێک و تەواوی نەتەوەی فارس وا نین و ناتوانین ئەو تاوانە بکەین کە هەموو نەتەوەیەک بە فاشیست ناو ببەین، بەڵام ئەرکی ئازادیخوازانی فارسە کە پێش لە هەموو کەس ئەو فاشیزمە مەحکووم بکەن، هەر وەک چۆن، لە ئاڵماندا پێش لە هەموو کەس ئاڵمانییەکان سەرهەڵدانەوەی گرووپی نازیستی مەحکووم دەکەن.

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی کرد

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی کرد و لە سەر پرسەکانی ناوچە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، سەردانی «سەلاحەدین بەهائودین» ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێ کردنی یەکگرتوویان کرد و لە لایەن هەیئەتی یەکگرتوو، بە سەرپەرەستی سەلاحەدین بەهائودینەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەم دیدارەدا مستەفا هیجری پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی یەکگرتوو و هەڵبژێرانی مامۆستا سەلاحەدین بەهائودینی وەک ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو کرد و هیوای دەربڕی کە یەکگرتووی ئیسلامی بتوانێ بە هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی، وێڕای پاراستنی هاوسەنگیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، یارمەتیدەریان بێت بۆ تێپەڕبوون لە چەقبەستوویی کێشەکانی نێوانیان، بە مەبەستی وەڵامدەر بوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قەیرانەکانی ناوچە و تێپەڕبوون لەو قۆناغە هەستیار و دژوارەی کە گەلەکەمان تێیدایە.

دواتر دوو لایەن وێڕای تاوتوێ کردنی بارودۆخی جووڵانەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و مەترسییەکانی بەردەم گەلی کورد و پێشهاتە سیاسییەکان، جەختیان لە بەردەوامیی پێوەندی و هاوکاریی نێوانیان لە پێناو پاراستنی تەبایی و خزمەت بە خەڵکی کوردستان کردەوە.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کوردستان – باکوور کرد

سەرتاج بووجاک سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستان - باکوور لە کردنەوەی کۆنگرەی ئەو پارتەدا، پشتیوانی لە ڕاسانی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٤ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «حەسەن شەرەفی» جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری هەولێر بەشداریی لە یازدەهەمین کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کوردستان – باکووردا کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو کۆنگرەیەدا پەیامی حیزبی دێموکراتیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرانی کۆنگرەکە کرد و لە لایەن سەرکردایەتی ئەو حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە میانەی ئەو بەشدارییەدا چاویان بە بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان و کەسایەتییە سیاسییەکان کەوت و سەبارەت بە بارودۆخی خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئالوگۆڕی بیروڕایان کرد.

شایانی باسە لە ڕەوتی باسەکانی کردنەوەی کۆنگرەدا، «سەرتاج بووجاک» سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستان - باکوور، پشتیوانیی پارتەکەی لە ڕاسانی نوێی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات دەربری و ڕێزی لە خەباتی ئەو حیزبە و ڕێبەرە شەهیدەکانی گرت. هەروەها لە بەشێکی دیکەدا «برایم برۆ» سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە، پشتیوانیی خۆیانی لە خەباتی حیزبی دێموکرات دژ بە ڕێژیمی ئێران دەربڕی و ئەو ڕاسانەی حیزبی دێموکراتیان وەک مزگێنییەکی دڵخۆشکەر بۆ هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان زانی.

## سێمینارێک لەژێر ناوی یادی شەهیدان و خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سوید بەڕێوە چوو

ڕێژیمی ئێران لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەردەوام چەکوچۆڵ بۆ پادگانە سەربازییەکانی شارەکانی کوردستان ڕەوانە دەکات.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕێژیمی ئێران لە درێژەی میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەمنیەتی کردنی ئەو شارانە، چەکوچۆڵ و تەقەمەنی شەڕی، بۆ پادگانە سەربازییەکانی کوردستان ڕەوانە کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە ڕایگەیاند کە ڕێژیمی ئێران لە پارێزگای تەورێزەوە چەکوچۆڵ و تفاقی شەڕی بۆ پادگان و بنکە نیزامییەکانی شاری مەهاباد لە پارێزگای ورمێ ڕەوانە کردووە.

ناردنی چەکوچۆڵ لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی ڕابردوودا بۆ شارەکانی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بەردەوام درێژەی هەبووە و ڕێژیم سنوورەکانی کوردستانی بە جێگرکردنی هێزی سەربازی و چەکوچۆڵی قورس زیاتر ملیتاریزە کردووە.

ڕەوتی میلیتاریزەکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام لە لایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمەوە درێژەی هەبووە و بەرپرسانی سپای ئەو ڕێژیمە بەردەوام باس لە گرتن و ئەمنیەتی کردنی سنوورەکان دەکەن و هەروەها ڕێژیمی ئێران ماوەیەکە بە چڕی و بەربڵاوی مانۆڕی سەربازی بەڕێوە دەبات.

دوای جێگربوونی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و شەڕ و دەرگیرییەکانی هێزی پێشمەرگە لە شاری شنۆ و مەریوان، ڕێژیم بەردەوام شار و ناوچە سنوورییەکان میلیتاریزە دەکات. سێمیناری یادی شەهیدان و خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سێ تەوەری جیاوازاد لە شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، کۆمیتەی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات بە هاوکاریی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات و ناوەندی یەکیەتیی کوردان لە وڵاتی سوید، سێمینارێکی لە شاری ستۆکهۆڵم، بە بەشداریی کۆڕگێران لوقمان ئەحمەدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات، دوکتور خالید خەیاتی مامۆستای زانکۆی ستۆکهۆڵم و کەسایەتی سیاسی کورد و دوکتور ئیدریس ئەحمەدی مامۆستای زانکۆی لینشۆپێنگ و کەسایەتی سیاسی، و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردی نیشتەجێی وڵاتی سوید بەڕێوە برد.

ئەو سێمینارە لە سێ تەوەری سەرەکیی، یادی ٢٧ ساڵەی تێرۆرکرانی شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی، بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات و ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەروەها هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی سەرهەڵدانەوەی ئەو خەباتە نوێیە و پێویستیی ڕاسان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لەخۆ گرتبوو.

سەرەتای سێمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی « ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوید لە لایەن «عارف عەزیزی» خوێندرایەوە.

عەزیزی لە پەیامەکەیدا، باسی لەوە کرد کە ٢٢ی پووشپەڕ ئەو برینەمان دەکولێنێتەوە کە بە دەستی ڕێبەران و دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران لە جەستەی گەلی کورد دراوە، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئاشتیخوازی و دڵپاکیی د. قاسملوو کەڵکیان وەرگرت و وتوویژ و دانوستانیان کردە وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکەیان.

پاشان پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ناوەندی یەکیەتیی کوردان لە وڵاتی سوید لە لایەن «ئاشتی عەبدی» خوێندرایەوە.

هەروەها چەند وتەیەک لە لایەن « موژدە حەیدەری» هاوسەری شەهید «سەرکەوت سەمەدی» و پەخشانێک بۆ یادی شەهیدان لە لایەن « مەلا چەتە»وە پێشکەش کران. پاشان لوقمان ئەحمەدی کاریگەریی ڕۆڵ و کەسایەتی شەهید قاسملووی گرێداوە بەو هەنگاوەی حیزبی دێموکڕات و باسی لەوە کرد کە لە بازنەی فکریی شەهید د. قاسملوو، چەند شتێکی تازە هاتە نێو خەباتی سیاسی کوردەوە، یەک لەو شتە گرنگانە، دیاریکردنی بەهاگەلێکی سیاسی و ئەخلاقین کە نەک ڕوو بە هێزە سیاسییەکانی کورد، بەڵکوو لە بەرانبەر دووژمنەکەی و وڵاتانی داگیرکەریشدا لە چوارچێوەی پرەنسیپی تایبەتی خۆیدا بەڕێوەی دەبات. ئەوەی کە د. قاسملوو پێی وابوو کە ئەگەر کردەوەکانی شۆڕشگێڕێک دێموکرات نەبێ دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش ناتوانێ دێموکرات بێت.

پاشان «خالید خەیاتی» مامۆستای زانکۆی ستۆکهۆڵم و کەسایەتی سیاسی کورد، باسی لەوە کرد کە سیاسەتی گشتی لە ئێراندا بە بنبەست گەیشتووە. بەو پێیەی کە بچووکترین ئاڵوگۆڕ لە ئاستەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا نایەتە کایەوە. کاتێکیش کە سیاسەت بە بنبەست دەگات، ناکرێ ئێمە دەستەوەستان دابنیشین و چاوەڕێی داهاتوو بکەین. ڕیفۆرمیستەکانی ئێرانیش لێزانتر لە توونداژۆکانن بۆ پاراستنی خودی ئەو نیزامەی کە ئەو ڕێژیمەی بنیاد ناوە، بۆیە هیچکات ناکرێ چاوەڕوانیمان لەوان هەبێ کە هەڵگری پەیامێکی گۆڕانخوازی بن لە ئێراندا. ئیدریس ئەحمەدی « مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی سیاسی» لەو سێمینارەدا باسی لەوە کرد کە؛ لە ئاستی نێوخۆییدا هۆکاری ڕاسانی نوێی حیزبی دێموکرات، بڕیار و ئیرادەی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بوو. بێ هیوایی بوو لە ئاڵوگۆڕ لە خودی ڕێژیمدا، چوونکە ڕیفۆرمیستەکانی ئێران ‹‹ڕێژیم پارێزن›› تا ‹‹ڕیفۆرمخواز››. بەو پێیەی کە پێناسەی ڕیفۆرم واتە گۆڕینی ڕێژیم. لە ئاستی ناوچەیی، پەل هاویشتنی کۆماری ئیسلامی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نانەوەی ئاژاوە و مەترسی لەسەر ئەمنیەتی نەتەوەیی وڵاتانی ناوچە، هۆکاری سەرەکی بوون. یەک لەو نموونانەش دەستێوەردانەکانیەتی لە وڵاتی عێراق و باشووری کوردستان. بەشی کۆتایی ئەو سێمینارە تەرخان کرا بۆ ڕا و سەرنجی بەشداران لەسەر باسەکان کە دواتر لەلایەن کۆڕگێڕەکانەوە وەڵامیان درایەوە.

## ڕێژیم لە پارێزگای تەورێزەوە چەکوچۆڵ ڕەوانەی کوردستان دەکات




ڕێژیمی ئێران لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەردەوام چەکوچۆڵ بۆ پادگانە سەربازییەکانی شارەکانی کوردستان ڕەوانە دەکات.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕێژیمی ئێران لە درێژەی میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەمنیەتی کردنی ئەو شارانە، چەکوچۆڵ و تەقەمەنی شەڕی، بۆ پادگانە سەربازییەکانی کوردستان ڕەوانە کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە ڕایگەیاند کە ڕێژیمی ئێران لە پارێزگای تەورێزەوە چەکوچۆڵ و تفاقی شەڕی بۆ پادگان و بنکە نیزامییەکانی شاری مەهاباد لە پارێزگای ورمێ ڕەوانە کردووە.

ناردنی چەکوچۆڵ لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی ڕابردوودا بۆ شارەکانی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بەردەوام درێژەی هەبووە و ڕێژیم سنوورەکانی کوردستانی بە جێگرکردنی هێزی سەربازی و چەکوچۆڵی قورس زیاتر ملیتاریزە کردووە.

ڕەوتی میلیتاریزەکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام لە لایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمەوە درێژەی هەبووە و بەرپرسانی سپای ئەو ڕێژیمە بەردەوام باس لە گرتن و ئەمنیەتی کردنی سنووەرکان دەکەن و هەروەها ڕێژیمی ئێران ماوەیەکە بە چڕی و بەربڵاوی مانۆڕی سەربازی بەڕێوە دەبات.

دوای جێگربوونی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و شەڕ و دەرگیرییەکانی هێزی پێشمەرگە لە شاری شنۆ و مەریوان، ڕێژیم بەردەوام شار و ناوچە سنوورییەکان میلیتاریزە دەکات.

## حیزبی دێموکرات و کەجەکە لە دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە سلێمانی کۆبوونەوە

هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بەرپرسی پێوەندییەکانی کەجەکە (K.C.K) لە سەر هەماهەنگی و پرسە پێوەندیدارەکان بە هەر دوو لایەن جەختیان کردەوە.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، د. حوسێن بەرپرسی پێوەندییەکانی K.C.K لە هەرێمی کوردستان، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی لە شاری سلێمانی کرد.

لەو دیدارەدا بەرپرسی پێوەندییەکانی K.C.K لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا، باس لە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە کرا و هەر کام ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان خستە ڕوو.

هەروەها لەو دیدارەدا، جەخت لەسەر هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە سەر پرسە پێوەندیدارەکانی هەر دوو لایەن کرایەوە.

لە کۆتاییدا، هەر دوو لایەن لەمەڕ ئەو دۆخە هەستیارەی ناوچەکە لە سەر پێوەندی و دیداری بەردەوام، جەختیان کردەوە.

## ڕێژیمی ئێران بڕوای بە بەکرێگیراوانی خۆی نەماوە

لە دوای هێرشەکانی سپای پاسداران بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و بەرپەرچدانەوەی قارەمانانەی ئەو هێرشانە، ژمارەیەکی زۆر لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە لەو شەڕانەدا بەشدارییان نەکردبوو، دەستبەسەر کران و بە دوای ئەوەدا ڕێژیم بڕوای بە بەکرێگیراوانی نەماوە. سپای پاسداران و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم پاش شەڕ و تێکهەڵچوونەکانیان لەگەڵ پێشمەرگەدا، بڕوایان بە هێزەکانی سەر بە ڕێژیم لەو ناوچەیە نەماوە و ئەو هێزانەی کە ساڵانێک بەکرێگیراو و سەر بە ڕێژیم بوون، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیم جێگە و پێگەیەکیان نەماوە و بۆ تێپەڕاندنی کارەکانیان بڕوایان پێ ناکەن.

ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە ناوچەکە کە لە لایەن خەڵکەوە بە جاش ناسراون و بە تایبەت جاشی زۆر بەرچاویان تێدا هەیە کە خەڵکی ناوچەکە هەموویان دەیانناسن، لە لای ڕێژیم ئێعتبارێکیان نەماوە. ڕێژیم دوای شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سەوڵاوا و بۆڕیەر کە بەکرێگیراوانی ڕێژیم خۆیان لە شەڕ دەپاراست و شەڕیان بۆ ڕێژیم نەدەکرد، ژمارەیەکی زۆری لێ دەستبەسەر کردن.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەکی بەرچاو لە جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە لایەن سپای تیرۆریستیی پاسدارانەوە خانەنشین کراون و چەک و ئیمکاناتەکەیان لێ سەندوونەتەوە کە نەکا لە ڕۆژانی شەڕ و تەنگانەدا تەقە لە هێزەکانی سپا بکەن و پێیان وتوون تەنیا وەکوو سیخوڕ و هەواڵدەر کار بۆ سپای پاسداران بکەن.

ئەو جۆرە کەسانەی کە ساڵانێک خزمەت بە دوژمن دەکەن و ئێستا لە کاتی هەستیاردا چەکەکانیان لێ دەسێننەوە، تازە بۆیان دەرکەوتووە کە ڕێژیمی سەرکوتکەری تاران، بڕوای بەوانیش نیە و تەنیا بۆ داپڵۆسینی خەڵک و دووبەرەکی نانەوە کەڵکی لێ وەرگرتوون و لە کاتی هەستیاردا هەر وەکوو عامیلی مەترسی بۆ سەر ڕێژیم چاویان لێ دەکات.

جێگای ئاماژەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند جار داوای لە جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیم کردووە کە چەکی ڕێژیم دابنێن و چیدی خزمەت بە ڕێژیمێک نەکەن کە ڕوو لە نەمانە و خەباتی پێشمەرگە دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیە، نەک دژ بەوان و داوای لێ کردوون بگەڕێنەوە باوەشی گەلەکەیان، لە غەیری ئەوەدا خۆیان لە ئاکامەکەی بەرپرسیارن.

# مستەفا چەمران، نوێنەری تێرۆر لە کوردستان

ن: جەماڵ ڕەسوڵ دنخە



مستەفا چەمران (یەکەم کەس لە لای ڕاستەوە) لە تەنشت مۆنتەزێری و خەڵخاڵی و کۆمەڵێکی دیکە لە بەرپرسانی ڕێژیم

مێژووی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە درێژایی مێژووی جیهان درێژەی هەبووە و ئێستاش هەیەتی. لەو ماوەیەدا زۆر جار میللەتی کورد بە دەسەڵات گەیشتووە و بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە هۆی ئەوەیکە دوژمنان یا خودی ڕێبەرانی کورد لە ئاکامی سیاسەتێکی زۆر سادقانە و ڕاستدا فریوی پیلانەکانی دوژمنیان خواردووە، دەسەڵات و حوکمڕانییان ڕووخاوە. کە مێژوو باشترین شاهێدە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە کە گەلی کورد هەمیشە قوربانیی ڕاستوێژی و سداقت لە سیاسەتدا بووە و ئەوەش بۆ سروشت و نییەتی ئازادیخوازانە و ئاشتیخوازنەی گەلی کورد لە هەر سات و قۆناغێکی مێژوودا دەگەڕێتەوە.

وڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد جارێک لە سەردەمی عوسمانییەکان و جارێکی دیکەش لە پەیمانێکی نگریسی ناسراو بە «سایکس ـ پیکۆ»دا دابەش کراوە و هەر بەشێک لە خاکی کوردستان بەر ڕێژیمێک کەوتووە کە بە توندترین شێوە نەتەوەی کوردیان کوشتوبڕ کردووە و ئێستاش گەورەترین جینایەتەکان لە کوردستان دژ بە ڕۆڵەکانی ئەو گەلە دەکەن و لەژێر ناوی جۆراوجۆر شەڕ لەگەڵ دوژمنی ناودێر دەکەن.

گەلی کوردیش لە هەر بەشێکی کوردستاندا هەمیشە دژی ڕێژیمی ناوەندی شۆڕشی کردووە و بەرگری لە مافی ڕەوای خۆی کردووە و بۆ پاراستنی خاکی خۆی لە چەنگی دوژمنی غەدار، هەزاران شەهیدی داوە و ئێستاش هەر شەهید دەدات و لە ڕاستیشدا ئەوەیکە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوە دەسەڵاتی ناوەندییە کە لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان زوڵم و زۆری لە گەلی کورد دەکات و خاکی کوردستانی داگیر کردووە.

لێرەدا باس لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، کە لە ڕەوڕەوەی مێژوودا بەردەوام شوێنی سەرهەڵدان و شۆڕش بووە، بۆ ئاخرین جار دەوڵەتی کوردی کە لە مەهاباد دادەمەزرێت دیسان حکوومەتی ناوەندی هێرش دەکاتە سەر کۆمار و دەیڕوخێنێت. لەو کاتەوە جڵەوی دواماوەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکەوێتە دەست حیزبێک بە ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»(PDKI) کە ماوەی ٧١ ساڵە جڵەوی شۆڕشی وەک دێرینەترین حیزبی کوردستانی ڕۆژهەڵات گرتووەتە دەست و لە ماوەی ئەو ٧١ ساڵەدا، زۆر ئاساییە کە هەوراز و نشێوێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، حیزبێک کە خاوەنی ڕابردوویەکی پڕشنگدارە و هەڵقوڵاوی ڕاستەقینەی خواستی خەڵکی کوردستانە و تەنانەت خودی دوژمن دان بەو ڕاستییەدا دێنێت.

لە ماوەی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەک دوژمنێکی سەرکوتکەر و تێرۆریست و جینایەتکار لە کوردستان، دوای ئەوەیکە ڕازی بەوە نەبوو مافی کورد بدات، کەوتە کوشتوبڕ کردنی خەڵکی کوردستان. حیزبی دێموکراتیش دژی ئەو ڕێژیمە چەکی بەرگری لە خۆی هەڵگرت.

لە ماوەی خەباتی حیزبی دێموکرات و شەڕی چەکداریی ئەو حیزبە، ڕێژیمی ئێران گەورەترین فەرماندە و بەرپرسە نیزامییەکانی خۆی بۆ شەڕ فرۆشتن بە کورد ڕەوانەی کوردستان دەکرد و لەژێر ناوی فەرمانی «جیهاد»ی نگریسانەی خومەینیدا، خەڵکی کوردیان دەکوشت و دواتر هەر کام لەو فەرماندە و بەرپرسانەی ڕێژیم کە لە کوردستاندا شەڕیان کردبوو، دەستیان داوەتە نووسینی چەواشەکارانە و گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ لە درۆ و قسەی پووچ کە گۆیا بە هانای گەلی کورد هاتوونە و شەڕیان دژی دوژمنان کردووە.

یەکێک لەو کەسانە فەرماندەیەکی نیزامیی ڕێژیمی ئێران بە ناوی «مستەفا چەمران» بووە، کە وەک کەسایەتییەکی جینایەتکار لە کوردستان بێبەزەییانە تاوانی خولقاندووە و ئێستاش بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە ئەو جەلادە مێشک ڕزیوە بە قارەمانێک لە کوردستان ناو دەبەن.

مستەفا چەمران لە کتێبێکی ١٠٨ لاپەڕەییدا لەژێر ناوی «کوردستان» کە بەشێکیشی برای ناوبراو «مێهدی چەمران» نووسیویەتی، باس لە شەڕی کوردستان و ڕووداوەکانی دەکات و هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەڕی پاوە و فەرمانی جیهادی شەیتانیی خومەینی بە فەرمانی تاریخی و چەمران بە قارەمانی ئەو شەڕەی پاوە ناو دەبات.

لە پێشەکیی ئەو کتێبەدا کە مێهدی چەمران نووسیویەتی، باس لەوە دەکات کە کوردستان ناوێکە ناسراو و ڕووداوی بێئەندازە لە درێژایی مێژوودا بە کۆڵ دەکێشت. دواتر جۆرێک باس لە کوردستان دەکات کە وەک برینێک وایە هەمیشە دوژمنان ئەگەر هەستیان بە گوشار کرد ئەو برینە دەکولێننەوە و وەک هێزێکی گوشار کەڵکی لێ وەردەگرن تا بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن.

ناوبراو لە پێشەکیی ئەو کتێبەدا بە کەیف و مەیل و حەزی خۆی هێرش دەکاتە سەر کوردستان و بە دڕندانەترین زمان باس لە حیزبی دێموکرات دەکات و خومەینی کە یەکێک لە جەلادانی مێژوویە، بە ڕێبەرێکی گەورە، قایم، کەسێک کە دەرد و مەرگی خەڵکی چێشتووە باس دەکات. مێهدی چەمران دەڵێت؛ ڕووداوەکانی کوردستان یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی نیوخۆی ئێران و تا ڕادەیەک هەستیار و حەیاتی بوو کە چارەنووسی «شۆڕشی ئیسلامی» بەوەوە بەسترابوو و «پرسی پاوە» بە یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژوو دەزانێت کە لەوێدا مستەفا چەمران جەلادی کوردستان، بە قارەمانی ئەو ڕووداوە وەسف دەکات. کتێبی کوردستان لە سێ بەشدا نووسراوە کە بەشی زۆر و گرینگی ئەو بە دەستی خودی مستەفا چەمران سەبارەت بە ڕووداوەکانی پاوە نووسراوە کە بەشی یەکەمی کتێبەکە بە ناوی «پاوە، فرمان تاریخی امام و سرآغاز نجات کردستان» ناودێر دەکات. بەشی دووهەمی کتێبەکە هەڵێنجاوی قسەکانی مستەفا چەمرانە کە لە سەر کوردستان کردوویەتی و بەشی سێهەم نوسراوەکانی ناوبراوە لە سەر کوردستان.

مستەفا چەمران شۆڕشی ئێران وەک بەهەشتێک وەسف دەکات کە ئیتر خەڵک تەواو حەساوە و دەم بە پێکەنینە و لە ناکاودا شەڕ و ئاژاوە لە گونبەدکاووس، کوردستان و خوزستان دەستی پێکرد و مەهاباد و نەغەدە و سنەیان کردە گۆڕەپانی شەڕی خۆیان و خەڵکیان بە ناوی هەژاری و نەداری، دژ بە شۆڕشی ئێران هان دا.

ئەوەیکە ڕاستی بێت و زۆری لە سەر باس کراوە، شەڕی سێ مانگەی سنەیە و باقی ڕووداوەکانی دیکە لە کوردستان، هەر دەم و سات و کات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی لە شەڕ بە دوور دەگرت و داوای وتوویژی دەکرد بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵام لە واقعدا ئەوە ڕێژیم و دار و دەستەکەی بوون کە بە هۆی ئەوەیکە مێشکیان بە ئیدئۆلۆژیی ڕەحمان و شەیتان پڕ ببووەوە تەنیا کوشتنی خەڵکی کورد و وێرانکردنی کوردستان فێر ببوون و تۆمەتیان لە حیزبی دێموکرات دەدا.

چەمرانی چەواشەکار و قین لەدڵ لەو کتێبەدا باس لەوە دەکات کە حیزبی دێموکرات خەڵکی بێتاوان دەکوژێت، شارەکان وێران دەکات، سەربازەکان دەکوژێت و بەردەوام باس لە شەڕی چەکداری دەکات و گەلێک قسەی بێبنەمای دیکە.

هەمووی ئەو قسە و نووسینانە تەواو بێمانا و دوور لە ڕاستین، چوونکە حیزبی دێموکرات هیچکات شەڕخواز نەبووە و شەڕی چەکداریشی بە سەردا سەپاوە، تا چ بگات بەوەیکە حیزبی دێموکرات کاری دژە مرۆیی بدات. ئارشیوی حیزبی دێموکرات و لێدوانی خودی دیلەکانی شەڕ ئەو بانگەشە پووچەی چەمران بە ئاسانی ڕەت دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات شەڕخواز و شەڕفرۆش بێت.

مستەفا چەمرانی مێشک چەقبەستوو زۆر بە ئاشکرایی دەڵێت کە مەسەلەی ئێمە، مەسەلەی ئیدئۆلۆژییە. نە نەتەوە و قەوم. هەر کەسێک کە ئیدئۆلۆژیی ئیسلامیی هەبێت، کورد یا تورک یا بەلووچ یان عەرەب، هەموو بەرابەر و بران. بەڵام لە کوردستاندا دەبینن کە کوردێکی کۆمۆنیست لەگەڵ کوردێکی موسڵمان پێک نایەن و... ئەوەی ڕاستی بێت لە سەردەمی دوای شۆڕشی ئێران، کوردستانی ڕۆژهەڵات سەنگەری دێموکرات و کۆمۆنیستەکان بوو و تەنانەت هەندێک حیزب و لایەنی سیاسی کە باوەڕیان بە مافی نەتەوەی کورد هەر نەبوو، لە کوردستان بنکە و بارەگایان هەبوو و خەباتیان دەکرد، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە تاران باس لە بەرابەری و برابوون دەکرا، زۆربەی هەرە زۆری جیابیران و خوێندەوارەکانیان کوشت و خومەینی بە «احمق» واتە ساویلکە و گێلۆکە ناوی لێ دەبردن.

چەمران وەکوو یەکێک لە جەلادەکانی خومەینی لە کوردستان، هێرش دەکاتە سەر «سەنار مامەدی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و وێڕای ئەوەیکە تێر جوێن و قسەی ناحەزی پێ دەدات، دەڵێت بە زەبری چەک ماڵی خەڵکی تاڵان دەکات و دوکتور قاسملوو و بنەماڵەکەی دەدەنە بەر بێڕێزی. سەر تا پای ئەو کتێبە پڕە لە بەتاڵ کردنەوەی گرێی دەروونی و ڕق و قین و لە هەر شوێنێکی ئەو کتێبەدا حیزبی دێموکرات بە سەرەچاوەی کێشە و شەڕ و ئاژاوەچی لە قەڵەم دەدات و باس لەوە دەکات کە حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا جێگای نیە و تەنیا ئەوان گوێڕایەڵی بە قەولی خۆیان ئەمپریالیزمن و دژی شۆێشی ئێران بوونە. ئەوەش بۆ خۆی درۆیەکی دیکەیە کە چەمران ئەو کات و ئێستاش و کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران، وەپاڵ حیزبی دێموکراتی دەدەن کە دژی شۆڕشی ئێران بوونە. چونکە خەڵکی کوردستان بەشداریی لە ڕووخاندنی حکوومەتی پاشایەتیدا کرد و دوای ئەویش سەرەڕای پشتیوانی لە شۆڕشی ئێران، داوی مافی خۆی کرد.

بۆ شەڕ لە کوردستان دو هۆکاری دەرکی و نێوخۆیی دەدۆزێتەوە، لە هۆکاری دەرەکیدا باس لەوە دەکات کە چوونکە شۆڕشی ئێران بەرژەوەندی و قازانجی زلهێزەکانی خستە مەترسییەوە، شەڕیان لە کوردستان ساز کرد. بەڵام لە واقعدا شەڕ لە کوردستان دیاریی دەستی خومەینی و بیری ئەو بوو، چون لۆژیکی دیالۆگ لە مێشکی خومەینی بەدوور بوو و حیزبی دێموکرات هەمیشە سیاسەتی سەربەخۆی هەبووە و هەیەتی.

لە هۆکاری نێوخۆییدا، باس لە هەژاری، مەزهەب، نەتەوە و قەوم دەکات. دەبێ سەبارەت بەو سێ بابەتە بڵێین کە یەکەم، دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بە گشتی زۆربەی خەڵکی ئێران هەژار بوو و حیزبی دێموکراتیش نەتەوەیی بوو، نەک کۆمۆنیستی، کە لەسەر هەژاری شەڕ بکات. دووهەم باسی مەزهەب دەکات، ڕاستە کە کوردستان سوننە مەزهەبە و مادەی ١٣ی مەجلیسی خۆبرەگان سەبارەت بە شیعەبوونی سەرکۆمار کە لەخۆیدا هەڵاواردنە، بەڵام خۆ حیزبی دێموکرات بە گشتی پرسی چارەنووسی گەلی کوردی لا گرینگ بوو، نە پرسی لاوەکی، پاشان بوون و ناوەڕۆکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خۆی پرسیاری لەسەرە، چوونکە خەڵک لە ڕووی نائاگاهیەوە دەنگیان بە ڕێژیمێکی لەم چەشنە دا. باسی نەتەوەبوون پرسێکە کە هەموو کەس لای ڕوون و ئاشکرایە کە گەلی کورد لە ئێران خوازیاری گرتنە دەستی چارەنووسی خۆیەتی، بەڵام چەمران و ئێستاش بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە باس لەوە دەکەن کە ئیسرائیل و ئامریکا گەلی کورد هان دەدەن بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ. کێشەی کورد نەتەوەییە نەک مەزهەب و هەژاری و بابەتگەلی لاوەکی؛ چوونکە فارسیش نەتەوەیەکە لە نەتەوەکانی ئێران کە بە زەبری کوشت و بڕ خۆی سەپاندووە.

لە کۆتاییەکانی ئەو کتێبە پڕ لە درۆ و دوڕوویی و چەواشەکارییەدا، باس لە «دەسپێکی پیلان» دەکات کە لە هەموو ڕووداوەکانی کوردستاندا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەتاکارە و پاسدار و بەکرێگیراونی ڕێژیم و هێزە داگیرکەرەکەی کە بە فەرمانی خومەینی هێرشیان کردووەتە سەر کوردستان بێتاوانن.

هەروەها فەرمانی هێرشی خومەینی بۆ سەر شاری پاوە، بە فەرمانێکی مێژوویی ناو دەبات و کوشتوبڕی خەڵکی کوردستان بە فەرمانی خومەینیی جەلادی مێشک ڕزیو، بە پیرۆز دەزانێ و چەمرانیش دزی و دەسدرێژی و بێشەرمی و قاتڵبوونی خۆی بە قارەمانەتی لە چیرۆکەکانی کوردستان باس دەکات و بەلایەوە جێی شانازییە.

هەنووکەش بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە تێرۆریستییە یەک لە دوای یەک، وەک ڕابردوو هەڕەشە لە حیزبی دێموکرات دەکەن و دەیانهەوێ وا نیشان بدەن کە حیزبی دێموکرات لایەنگری نیە و خەڵکی کوردستان هیچ بایەخێک بۆ خەباتی ئەو حیزبە دانانێن، بەڵام ئەوە مێژووە کە دەیسەلمێنێ کێ ڕوایی هەیە، حیزبی دێموکرات یا ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران کە هەتا بینەقاقا لە خوێنی ڕۆڵەکانی ئەو ئاو و خاکەدا نوقم بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەنووکە دوای ٧١ ساڵ خەباتی ڕەوای خۆی، شێوەخەباتێکی نوێی دەست پێکردووەتەوە و ئەوەش بۆ زۆر هۆکاری گرینگ وەک چوونەسەرەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی، مافی چارەنووس، زوڵم و زۆر لە کوردستان، داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئێران و سپای تێرۆریستی پاسداران و هۆکارگەلی دیکە دەگەڕێتەوە.

ئەو خەباتە نوێیەی حیزبی دێموکرات لە ڕووی ئیرادەی حیزبی دێموکرات و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستانە، چوونکە حیزبی دێموکرات هەڵقووڵاوی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە و ئەو خەڵکە هەردەم پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات دەکەن.

> **حیزبی دێموکرات هیچکات شەڕخواز نەبووە و شەڕی چەکداریشی بە سەردا سەپاوە، تا چ بگات بەوەیکە حیزبی دێموکرات کاری دژە مرۆیی ئەنجام بدات. ئارشیوی حیزبی دێموکرات و لێدوانی خودی دیلەکانی شەڕ ئەو بانگەشە پووچەی چەمران بە ئاسانی ڕەت دەکەنەوە کە حیزبی دێموکرات شەڕخواز و شەڕفرۆش بێت**

# شەڕێکی ڕەوانیی ڕووسی و هەوڵێکی نەزۆک بۆ ناوزڕاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات

ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

«گلۆبال ڕیسێرچ» لە ٢٥ جوولای‌دا، وتاریکی لە ژێر ناوی «ئامریکا و عەرەبستان پلانی پاشەکشەپێکردن بە هێزەکانی ئێران لە سووریە دادەڕێژن»، بە قەڵەمی «ئەندرۆ کۆریبکۆ» بڵاو کردەوە کە نووسەر بە خستنەڕووی کۆمەڵێك وەهمی خۆی و ناوزەد کردنیان وەك سێناریۆ لواوەکانی پیلانگێڕیی دوو وڵاتی ئامریکا و عەرەبستان بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تیری بە تاریکییەوە ناوە و پێوەیە تا ئامانجێکی گشتی بپێکێ، ئەویش هێشتنەوەی ئێرانە لە نێو داوی پڕمەترسیی دابینکەری بەرژەوەندییەکانی ورچە زەبەلاحەکە، جا چ دەوڵەتی ڕووسیە لەمە ئەگادار بێت یان نا. لەبەر ئەوەی وتارەکە دوورودرێژە و وەهم نەماوە باسی نەکات، لێرەدا هەوڵ دەدەین تەنیا لە چەند بوارەوە بپرژینە سەری تا هەم ڕوونکردنەوەیەك بێت بۆ ئەوانەی لە بارەی ڕاسانی دێموکراتەوە زانیاریی ڕاست و دروستیان لەبەردەستدا نیە و هەم لەقاودانێك بێت بۆ ئەوانەی بێ‌ئاگان لە پیلان و بەرنامەی زلهێزان لە چوارچێوەی هێشتنەوەی ئێران لە دواکەوتوویی و بەستراوەیی بەم جەمسەر و ئەو جەمسەر. شایانی باسە ماڵپەڕی «ناشناڵ ئینتێرێست» ڕۆژی ٢٨ی جولای وتاریکی لە ژێر ناوی «بۆچی ئێران پاش بیست ساڵ، دیسان شەڕی ئەم گرووپە کوردییە دەکات؟» بە قەڵەمی «ڕۆبێرت ئەندرۆ» بڵاو کردەوە کە وەڵامێکی بەجێیە بۆ ئەو وتارە چەواشەکارانە.

سێناریۆ وەهمییەکە چیە؟

بەپێی ئەو سێناریۆ وەهمییە، گۆیا ئامریکا و عەرەبستان کار بۆ ئەوە دەکەن لە سێ ڕێگەوە گوشار بۆ تاران بێنن تا ناچار بێت هێزە نیزامییەکەی لە سووریە بکشێنێتەوە و بەمەش بەرەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی کەنداو لە شەڕی سووریەدا، بەسەر بەرەی ئێران و ڕووسیەدا سەرکەون. سێ ڕێگەکەش، یەکێکی پەرەدان بە شەڕی قەراخە لە کوردستان و بەلووچستان و ئەهواز، یەکێکی تەقینەوە و کاری تیرۆریستییە بە هۆی داعشەوە و ئەوی دیکەشیان، شۆڕشی ڕەنگییە لە ناوەند. نووسەر کە زانیویەتی هیچ خوێنەرێك بڕوا بە هەبوونی وەها سێناریۆیەکی هەڵچنراو و داستان سازییەکی بێ‌بەڵگە ناکا و هەر کەسێکی ئاوەزمەند دەزانێ دەکرێ ئەمریکا یان عەرەبستان یان هەر وڵاتێکی تر دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی بکەن و هاوکات خەڵکی زوڵملێکراو بەبێ هەبوونی پەیوەندی بە هیچ وڵات و لایەنێك بێدەنگی بشکێنن و دژی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەر ڕاپەڕن، جا بە بەرگری چەکداری بێت یان بە ڕێپێوان و شۆڕشی ڕەنگی، هاوکات دەکرێ گرووپێکی تیرۆریستی وەك داعش بە هەر هۆیەك ببێتە دوژمنی تاران و بیر لە کاری تیرۆریستی لە ئێران بکاتەوە، هاتووە بە دانی کۆمەڵێك زانیاریی چەواشە و ناڕاست، وەهمەکەی خۆی بە ڕاست بنوێنێ تا بەڵکوو بە مەبەستەکەی بگات. نووسەر بە هیچ شێوەیەك باس لە بوونی نارەزایەتی و سەرکوتی بەربەرییانەی خەڵك لە لایەن ڕێژیمەوە ناکات و خۆی لەوە گێل دەکات داخوا چۆن دەبێ لە وڵاتێکدا بکرێ بەو ڕادەیە خەڵك بکرێنە مۆرە و ئامرازی شەڕی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان و باشیشی بەوەیە ڕۆژئاواییەکان ڕاستەوخۆ لە هێنانەسەرکاری خومەینی و داروودەستەکەی دەستیان هەبوو، ئەگینا ئەوەشی وەکو فاکتێکی قەبڵاندنی سێناریۆکە دەخستە ڕوو. لە بەشێکیدا بۆ لقوپۆپ هەڵبەستن بۆ سێناریۆ وەهمییەکەی، باس لەوە دەکات ڕەنگە لە داهاتوودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاری لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان کە لەم دواییانەدا زۆر لێك نزیك بوونەتەوە، هەوڵ بدات لە خاکی تورکیەوە هێرش بکاتە سەر ئێران تا شەڕی ئیستانبول و تاران هەڵبگیرسێ، بەرنامەیەکی زۆر ساویلکانە کە ڕەنگە بە مێشکی کەسێکی تر جگە لە نووسەری ئەو وتارە نەگات. لە شوێنێکی دیکەدا بۆ ئەوەی بتوانێ ئاسانتر بقەبڵێنێ کە عەرەبستان لە پشت خەباتی سێ نەتەوەی بندەستی کورد، بەلووچ و عەرەب لە ئێراندایە، دەڵێ ئەو سێ نەتەوە سوننی مەزهەبن، ئەمە لە کاتێکدا زۆرینەی کوردی ڕۆژهەڵات و زۆرینەی نزیك بە تەواوەتی عەرەبەکان شێعەن. دواجار ئاکامگیرییەکەی ئەوەیە، کۆماری ئیسلامی بە قەولی خۆی دەکەوێتە داوی ئامریکاوە و ناچار دەبێ هێزەکەی لە سووریە بگەڕێنێتەوە نێوخۆ، تا پێش بە شۆڕشی خەڵك بگرێ و ڕووسیە کە ژێربەژێر لەگەڵ تورکیە لەسەر سووریە سازاوە و لە ئاسمانەوە پشتیوانی لە ئەسەد دەکات، لەگەڵ پاشەکشەی ئەو هێزە زەوینییە ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە بۆ سەرکەوتنی دواجاریان دژ بە بەرەی ڕۆژئاوا پێویستیان پێیەتی. «ڕۆبێرت ئەندرۆ» لە وتارەکەیدا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بە بەڵگە و ئارگۆمێنتی لۆژیکییانە دەیسەلمێنێ کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە هیچ شێوەیەك شەڕی نوێنەرایەتی (proxy warfare) نیە، جا بۆ عەرەبستان بێت یان ئیسرائیل.

نووسەرەکە کێیە؟

«ئەندرۆ کریبکۆ»نووسەری نزیك بە سەد وتاری هاوشێوەی ئەم وتارە، بە هەمان ئەدەبیات و بە کەڵکوەرگرتنی هەمیشەیی لە وشەگەلێك وەك «موڵتی دیمێنشێناڵ هایبێرد وار» واتە «شەڕی فرەڕەهەندی ئاوێتە»یە کە وڵات و شوێن نەماوە لەسەری نەنووسیبێ، هەر لە برێزیلەوە بگرە تا قرقیزستان و تورکەمەنستان و هیند و تورکیە و چین و تەنانەت مەقدونیە. ئامانجی سەرجەم وتارەکانی یەك شتە، شەڕی ڕەوانی بە قازانجی ڕووسیە. شایانی باسە وتاری «ئامریکا و عەرەبستان پیلان بۆ پاشکەشەپێکردن بە هێزە سەربازییەکانی ئێران لە سووریە دادەڕێژن» ڕۆژی ٢٦ی fort... russ.com»یش بڵاو کرایەوە.

هەوڵێکی نەزۆك دژی ڕاسانی ڕۆژهەڵات

نووسەر بەشی هەرەزۆری وتارەکەی تەرخان دەکات بۆ شیکردنەوەی بە قەولی خۆی داگیرسانی «شەڕی دەوروبەر» و لەم بەشەشدا پتر باسی شەڕی ئەمدواییانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ سوپای پاسدارانی ڕێژیم دەکات. لە پاراگرافی یەکەمی ئەم بەشەدا لە ژێر ناوی «قەیرانی کوردەکان کە کەس باسی ناکات»، بە جۆرێك دەڵێ حیزبی دێموکرات «وادەنوێنێ کە دەوڵەت پشتی لە بەڵێنی ئاگربڕ و گەرەنتییە سیاسییەکان» کردووە، بۆیە شەڕ هەڵگیرساوە، کە کەس نەزانێ دەڵێی ئەوە لە تاران نە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دەوڵەتێکی یاسامەند و ڕەوا لەسەر کارە و هاتووە ئاگربڕی ڕاگەیاندووە و کۆمەڵێك گەرەنتی سیاسیشی داوە بە کوردەکان. لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی هیچکات ئامادە نەبووە دان بە مافی کورددا بنێ و لە پێناو چارەسەری پرسەکە هەنگاو بنێ. دواتر دەنووسێ ئەوان بوونەتە بەشێك لە شەڕێکی ئاوێتە بە دژی ئێران و بۆ ئەوەی بە ڕاستی بنوێنێ، ئاماژە بەوە دەکات کە «پتر لەمەش، ئەم گرووپە خوازیاری سەربەخۆیی نین، بەڵکوو نیزامێکیان گەرەکە کە بە تەواوی سیستمی ئێران لە کۆماری ئیسلامییەوە بگۆڕێ بە فیدراسیۆنێکی شوناسخواز»، لە کاتێکدا دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموکرات «دابینکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیك و فیدراڵ»دایە.

لە پاراگرافی دووەمی ئەم بەشەدا، بێدەنگی لێ‌هێنانی میدیاکانی ڕەوتی سەرەکیی سەر بە ئامریکا لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە نیشانەی هەبوونی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لەو ڕاسانە لە قەڵەم دەدات و هۆکارەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئامریکا هەستیاریی پەیوەندیی ئێستای لەگەڵ تاران بەتایبەت پاش واژۆی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ڕەچاو دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە لایەکەوە «نیۆیۆرك تایمز» وەکوو یەکێك لە بەناوبانگترین میدیاکانی ڕەوتی سەرەکی، دوو جار بە هەواڵ و هەواڵی شرۆڤەیی ئەو پرسەی پشتگوێ نەخستووە و لە لایەکی دیکەوە، هیچ لۆژیکی نیە بێدەنگی وەکوو هۆکاری پشتیوانی لە قەڵەم بدرێ. لە پاراگرافی سێیەمدا باسی بێدەنگیی میدیا جێگرەوەکان لە هەمبەر ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەکات و هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، گویا حەرەکەتەکە نێگەتیڤە و ئەو میدیاگەلەش بە هۆی کەوتنە داوی پروپاگەندەی ڕۆژئاواوە وەکوو «قارەمان» گوزارشیان لە کورد کردووە و ئێستا ناتوانن ڕاستییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی سووریە و ئێران ببینن. ئەمە لە کاتێکدایە هەر کەس سەرەتایەك لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و کار و کردەوە تیرۆریستییەکانی بزانێ و ئاگاداری یەك سەدە خەباتی کوردەکان لە پێناو دێموکراسی و ئازادی بێت، دەزانێ ئەو خەبات و تێکۆشانە بە نووسینی ئەو جۆرە وتارانە بەدناو نابێت.

لە پاراگرافی چوارەمدا باسی ئەوە دەکات مەقەڕەکانی حیزبی دێمۆکرات لە نێو هەرێمی کوردستاندایە و دەیەوێ وا بنوێنێ کە ئەو حیزبەی کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی هەرێمی بەدەستەوەیە، واتە پارتی دێموکراتی کوردستان، پشتیوانیی لۆجستیکی لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەکات و دەڵێ ئەمەش هۆکاری پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە دوو پارتی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی هەرێمە. وەڵامی ئەمەش ڕوونە، حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات چالاکی کردووە و ئەگەر مەقەڕیشی لە هەرێمدا هەیە، هۆکارەکەی بۆ قەبووڵکردنی داوای حیزبە سەرەکییەکانی هەرێم دەگەڕێتەوە کە لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامی‌دا وەها داوایەکیان کردووە، ئەگینا پێشتر لەسەر سنوور بووە و ئێستایش ساڵێکە گەڕاوەتەوە سەر سنوورەکان. پاشان یەکیەتیی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات نین.

لە دوو پاراگرافی دواتری ئەم بەشەدا، ئاماژە بە هاوکاریی عەرەبستان و هەرێمی کوردستان و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان ئامریکا و هەرێمی کوردستان دەکات و وا دەنوێنێ کە یارمەتییەکانی ئەو دوو وڵاتە بە هەرێمی کوردستان، دەگەنە دەست حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش. نووسەر وا دەنوێنێ تێچووی ماڵیی هەر خەباتێك دەبێ بە بێ ئەملاوئەولا لە لایەن زلهێزێکەوە دابین ببێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە حیزبی دێموکرات وەرگرتنی هەر چەشنە یارمەتییەکی دەرەکی ڕەت کردووەتەوە و خاوەنی حەشیمەتێکی بەرچاو لە ئەندام و لایەنگرە و پشتی بە یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و خەڵکی کوردستان بەستووە.

لە دوو پاراگرافی کۆتایی ئەم بەشەدا، نووسەر دوو سیناریۆی زۆر ساویلکانە دەخاتە بەرباس، یەکێکی ئەگەری هاوپەیمانیی حیزبی دێموکرات و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بۆ سازکردنی شەڕی ئێران و تورکیە و ئەوی دیکەیش ئەگەری هاوپەیمانیی حیزبی دێموکرات و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هێرش کردنە سەر ئێرانە. خستنەبەرباسی ئەم دوو سیناریۆیە، دەکرێ تەنیا لەو چوارچێوەیەدا ببینرێ کە نووسەر دەیهەوێ خۆی بە ئاگاداری بەشەکانی تری کوردستان بزانێ و ڕووپۆشێك بێت بۆ نووسینە سیستماتیکە بەرچاوتەنگەکانی.

دوا وتە؛ مەبەستی سەرەکیی وتارەکەی «گلۆبال ڕیسێرچ» چ نیە جگە لە شەڕێکی ڕەوانی کە لایەنی مەبەستیش، نەك خەڵکی کوردستان یان خەڵکی ئێران، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. لە پلەی یەکەمدا دەیهەوێ هۆشداری بداتە ئەو ڕێژیمە کە نەکەوێتە بە قەولی نووسەر داوێکەوە کە ئامریکا داینا‌وە و پاشەکشە بە هێزەکانی لە سووریە نەکات و لە هەنگاوی دووەمدا کە گرینترە، دەیهەوێ بە کۆماری ئیسلامی بڵێ، ئامریکا هەر دوژمنیەتی و نەکا لێی نزیك ببێتەوە. ڕەنگە لێڕوانینی نووسەر بۆ کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتی بڕیاردان لەو ڕێژیمە، لێڕوانینێکی ئاسایی بووبێت و پێی وابووبێ سەرانی ئەو ڕێژیمە وەدووی قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئێرانەوەن و هەر بۆیەش پێی لۆژیکی بووبێ کە ئەو ڕێژیمە دواجار بڕیاری پاشەکشەکردن بە هێزەکانی لە سووریە بدات و چیدی منداڵانی ئێران نەکاتە سووتەمەنی شەڕێکی تایفی و بۆ بەشار ئەسەدی سەرەڕۆ نەیاندا بەکوشتدا و هەر لە چوارچێوەی ئەو بەرژەوەندییانە لە ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئامریکا نزیك بێتەوە و بەمەش لەدەست تەڕاتێنی ڕووسیە بە سەرمایەی ئێران خۆی ڕزگار بکات. ڕەنگە پێی وابووبێ کۆماری ئیسلامی دواجار مل بە داخوازییەکانی نەتەوە بندەستەکان و خەڵکی ئازادیخوازی سەرانسەری ئێران دەدا و ئەمادە دەبێ باوەش بۆ دێموکراسی ئاوەڵە بکات و بەمەش بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی لاشخۆر بکەوێتە مەترسییەوە. گەر نووسەر بەو پێش‌گریمانانەوە دەستی دابێتە ڕەشکردنەوەی کاغەز و هەڵڕژاندنی سێناریۆ وەهمییەکانی لە چوارچێوەی نووسینە سیستماتیکەکانیدا، ئەوە زۆر لە هەڵەدایە، چوونکە سەرانی ڕێژیم دواجار بەرژەوەندیی سیستمەکەیان ڕەچاو دەکەن وەك چۆن هەمیشە جەختی لەسەر دەکەنەوە و دابینبوونی ئەو بەرژەوەندییەش وەك هەمیشە وابووە، گرێدراوی بەفیڕۆدان و هەرزانفرۆشکردنی سەروەت و سامانی ئێرانە.

> **دەکرێ ئەمریکا یان عەرەبستان یان هەر وڵاتێکی تر دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی بکەن و هاوکات خەڵکی زوڵملێکراو بەبێ هەبوونی پەیوەندی بە هیچ وڵات و لایەنێك بێدەنگی بشکێنن و دژی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەر ڕاپەڕن**



پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکردتی کوردستانی ئێران لە چیاکانی کوردستان

# ئابووری و کاریگەرییەکانی لە سەر کۆمەڵگە

شەماڵ تەرغیبی

لە حاڵێکدا کە جیهان بەخێراییەکی بێوێنەوە بەرەو پێش دەڕوات و تێکنۆلۆژییەکان هەموو بیاڤەکانی ژیان دەگرێتەوە، لە وڵاتگەلێکی وەک ئێراندا، هێشتا بە چارەسەرنەکراوەیی کێشە دەروونییەکان، یەکێک لە قەیرانەکانە. یەکێک لەو نەخۆشییە دەروونییە مەترسیدارانە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەڵگە دادەنێت، نەخۆشییە ئابوورییەکانە کە ئامانجە سەرەکییەکەی «دەروون»ی کۆمەڵگایە و ئاڵۆزیی پێکهاتە دەروونییەکانی کۆمەڵگەی بەدواوە دەبێت.

وەدەستهێنانی ئارامیی فیکری و دڵنیایی بۆ ژیان، هەموو کات بەدرێژایی مێژوو یەکێک لە پێویستییە زاتییەکانی مرۆڤ بووە و هەیە؛ بەڵام هەموو کات دیاردەگەلێکی وەک شەڕ، هەژاری، خۆکوژی، ئێعتیاد و... هتد، ڕێگر بوون لە گەیشتنی مرۆڤەکان بەم پێویستییە دەروونییە. لەم نێوانەدا کاتێک کە بەدوای بنچینەی کێشەکان و ئەم جۆرە دیاردەگەلە دەگەڕێی ڕۆڵ و شوێندانەریی پرسە ئابوورییەکان زیاتر خۆیان دەردەخەن؛ بە واتایەکی دیکە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەگەیشتنی مرۆڤ بەم ئارامی و تەناهییە دەروونییە، بریتییە لە کێشە ئابوورییەکان.

بەپێی زانستی «سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی»، مرۆڤەکان تا ئەو کاتەی کە دەستیان بە پێویستییە سەرەتاییەکان (خواردن، شوێنی حەوانەوە، جل و بەرگ) ڕانەگات، ناتوانن بەدوای پێویستییە دووهەمییەکان (ئازادی، بیرکردنەوەی دروست، بردنەسەری ئاستی وشیاری و ...)دا بگەڕێن. نموونەیەکی مێژوویی ئەم پرسە خوێندنەوەی ژیان و بەسەرهاتی ڕێبەرە گەورەکان و سەرکردەی بزووتنەوەکانە کە بەشی هەرە زۆریان لە بنەماڵەگەلێکدا پەروەردە بوون کە لانیکەم پێویستییە سەرەتاییەکانیان دابین کراوە.

کەواتە هەژاری کە بە دیاردەیەکی ئابووری دەناسرێ، سەرەکیترین هۆکاری پاشکەوتوویی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە؛ لە کۆمەڵگایەکی هەژار لەباری ئابوورییەوە، هەرچەندەش مزگەوت و کەنیسە و مەلا و قەشە زۆر بن، چوونکە کاتێک بۆ بیرکردنەوە بوونی نییە، هەژاریی فیکری و بیرکردنەوە زەقتر دەبێتەوە و بەم هۆیەشەوە کۆمەڵگە پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەخۆیەوە نابینێ.

وتەیەکی بەنرخ هەیە کە دەڵێ: هزر و ئەندێشە لە ناخی جەستەیەکی تەندروستدا شکڵ دەگرێ و لە بەرانبەریشدا مێشکێک کە هەمووکات بیر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی بکاتەوە، ناتوانێ خاوەنی هزر و ئەندێشە بێت. ئەگەر ئەم ڕستەیە وەک بنەمایەک بۆ لێکدانەوەی کاریگەرییەکانی ئابووری لەسەر کۆمەڵگە دابنێین، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای هەژار بێبەرییە لە کولتوورێکی دروستی ئەمڕۆیی، سیستمی فێرکاریی مۆدێرن، بەڕێوەبەری کارامە و تەنانەت ئابوورییەکی کارامە کە بتوانێ خزمەت بە هاووڵاتییانی ئەو کۆمەڵگا بکات.

پڕئاشکراشە کە لە وەها کۆمەڵگایەکدا شیرازەکان تێکدەچن و ڕەوتی بەپێچەوانە دەپێون، بۆ وێنە هزر و ئەندێشە لەباتی ئەوەیکە جڵەوی کاروانی ژیان بگرنە دەست، دەبنە پاشکۆی لایەنەکانی ژیان و خەڵکیش زیاتر لە هەموو کات ڕۆدەچنە نێو ڕواڵەتی ژیان و هەوڵەکان بۆ دابین کردنی بژیوی ژیان چڕتر دەبنەوە؛ بەم پێیە دەتوانین بێژین گەشەی ئابووریی کۆمەڵگا ژێرخان و بەستێن سازی گەشەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایە.

ئەم هاوکێشە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەتەواوی وەڕاست دەگەڕێ؛ تا ئەوکاتەی کە دیاردەی قێزەونی هەژاری و بێکاری و گرانی، دەستی نابیتە بینەقاقای کۆمەڵگای ئێران، سازکردنی سیستمێکی کۆمەڵایەتیی کارامە و عەقڵانی، بەکردەوە نامومکینە. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ڕۆژانە دەبێ چاوەڕێی ڕۆچوونی زیاتر لە نێو گەنداو و زەلکاوی کێشە و گرفتە ئابووری و دەروونییەکان بین.



ژیانی بنەماڵەیەک لە دورگەی ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا

# ئێران یەکەمی بێڕکابەر لە سپیکردنەوەی پارەدا

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بۆ جارێکی دیکە لە نێوان ١٤٩ وڵاتی جیهاندا پلەی یەکەمی بۆ سپی کردنەوەی پارە وەدەست هێنا. نوێترین پلەبەندیی ساڵانەی «دژ بە سپی کردنەوەی پارە» کە لە لایەن دامەزراوەی «بەڕێوەبەریی دەوڵەتیی بازڵ» ئەنجام دەدرێت، دەریخستووە کە ئەمساڵیش ئێران پاش لە سەر ڕێ لابردنی ڕکەبەرەکانی، پلەی یەکەمی لەم بوارەدا وەدەست هێناوە.

لە ساڵی ٢٠١٤ی زایینی بەملاوە، ئێران هەمیشە هەڵگری ئەم نازناوە بووە. دامەزراوەی بازڵ بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی بێخەوش، کەڵک لە داتا ئابوورییەکانی ناوەندگەلێکی وەکوو بانکی جیهانی، کۆڕی جیهانیی ئابووریی و دەستەی تایبەتی دراو وەردەگرێت و لە نێوان سیفر هەتا دە، ئیمتیاز بە وڵاتانی جیهان دەدات کە ئەمساڵ ئیمتیازی ئێران ٦١/٨ بووە، کە زۆرترین ئیمتیازە و ئێرانی کردۆتە گەورەترین وڵات لە باری سپی کردنەوەی پارە و پاڵپشتیی ماڵی لە تێرۆریزم.

هاوتەریب لەگەڵ ئێران، وڵاتانی ئەفغانستان،تاجیکستان، گینەی بیسائۆ، مالی، کامبوج، موزامبیک، ئۆگاندا، سوئیزلەند و میانمار دەبیندرێن.

ئەم چەشنە هەواڵانە لە کات و ساتێکدا بڵاو دەبنەوە کە کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و باشترکردنی دۆخی ئابووریی وڵات دەکات و سەرۆکی دەوڵەتی «تدبیر و امید» لە هەموو سەفەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیدا، پێ لەسەر ئەم بابەتە دادەگرێت.

# کەمتر لە ٢٠./ی فڕۆکەخانەکانی ئێران چالاکن!

وەزیری ڕێگەوبانی کۆماری ئیسلامی بە نیگەرانییەوە باسی لە دۆخی فڕۆکەخانەکانی ئێران کرد و گوتی تەنیا ٨ فڕۆکەخانەی ئێران، واتە کەمتر لە ٢٠٪ ی کۆی یەکە ئاسمانییەکان، چالاکییان هەیە.

عەباس ئاخوندی لە لێدوانێکی نوێدا کە ڕۆژنامەی «آرمان» بڵاوی کردۆتەوە ڕایگەیاند: کۆی یەکە ئاسمانییەکانی ئێران بەتەواوەتی پرتوکاون و هیچ هەوڵێکی ئەوتۆش بۆ نۆژەن کردنەوەیان لە گۆڕێدا نییە.

ناوبراو وتوویەتی: بە لانیکەمەوە ٢٠٠ هەزار میلیارد ڕیاڵ پارە پێویستە تاکوو بتوانین سەرەتایەکی نوێ بۆ کۆی یەکە ئاسمانییەکانمان بخولقێنین.

بەپێی قسەکانی ئاخوندی، هەنووکە تەنیا ١٢ فڕۆکە لە ئێراندا بوونیان هەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەملاوە ساز کراون و تەمەنی هەموو فڕۆکەکانی ترمان لە سەرووی ٣٣ ساڵەوەیە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە تەمەنی لەکارکەوتوویی فڕۆکە، بەپێی پێوەرە نێونەتەوەییەکان ٢٣ ساڵە.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا ئاخوندی دەڵێ: ئێمە بۆ تەیارکردنی کۆی یەکە ئاسمانییەکانمان پێویستیمان بە لانیکەم ٤٠٠ فڕۆکەی نێونجی و ١٠٠ فڕۆکەی بچوک هەیە و تێچووی کڕینەکەی دەکاتە ٥٠ میلیارد دۆلار.

هەنووکە تەمەنی پیشەی ئاسمانپێوانیی ئێران لە ٨٢ ساڵ تێپەڕیوە و بەهۆی کەمتەرخەمیی لێپرسراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ٤ دەیەی ڕابردوودا گەیشتۆتە خاڵی سوور و یەکێک لە بێمتمانەترین یەکە ئاسمانییەکانی جیهان.

# کانگای زێڕی باریکای شاری سەردەشت داخرا

بە هۆی لەبەرچاونەگرتنی ئوسوول و ڕێساکانی کەڵک وەرگرتن لە دەرهێنان، کانگای زێڕی باریکای شاری سەردەشت داخرا.

بەرپرسی ئیدارەی سەنعەت، کان و بازرگانیی شاری سەردەشت ڕایگەیاند: چالاک بوون و دەست بەکار بوونی ئەو کانگایە بە مەرجی لەبەرچاوگرتنی ستاندارەکانی ڕێکخراوی پیشە و کانە (سازمانی سنعەت و مەعدەن).

حامید ڕەمەزانی لە درێژەدا گوتی، کانگای زێڕی باریکای شاری سەردەشت تەنیا کانگای چالاکی ئەو شارەیە، کە لە لایەن شیرکەتی زێڕی «گلدیس» ەوە دەردەهێنرێت.

ئەو بەرپرسە ئەوەشی خستەڕوو، کانگای زێڕی باریکای سەردەشت تەنیا ١٥ کرێکاری هەبووە، بەڵام نزیکەی ١٥٠ کەسی دیکە بە شێوەی ناڕاستەخۆ لەو شوێنە کاریان کردووە.

کانگای زێڕی شاری سەدەشت، تەنیا کانگای ئەو شارەیە کە لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاویەوە، زیاتر لە ٢١ هەزار تۆن کانبەردی زێڕ و زیو و ٣هەزار تۆن «باریت»ی لێ دەردەهینرێت.

ئەو کانگا زێڕە لە ١٥ کیلۆمێتریی شاری سەدەشت لە گوندی باریکای لە بەخشی ناوەندیی ئەو شارە هەڵکەوتووە.

# لە ماوەی سێ مانگدا ٣٥٠ کرێکار گیانیان لەدەست داوە

بە هۆی ڕووداوی کار و نەبوونی کەرەستەی دڵنیایی لە ماوی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، ٣٥٠ کرێکار لە ئێران گیانیان لەدەست داوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ئیلنا، لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی‌دا، ٣٥٠ کرێکار لە پارێزگا و شارەکانی ئێران بە هۆی ڕووداوی جیاجیا گیانیان لەدەست داوە و لە نێو ئەو ٣٥٠ کرێکارەدا، سێ ژنیش بەرچاو دەکەوێت.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیوەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوی پزیشکی یاسایی، لەو ماوەدا زۆرتر تیاچوونی کرێکاران بە هۆی کەوتنە خوارەوە لە بەرزاییەوە بووە، کە بەو هۆیەوە ٤١.٧٪ کە کۆی گشتی ئەو ئامارە ١٤٧ کەس لە خۆ دەگرێت.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، پاش کەوتنە خوارەوە لە بەرزایی، ٢٤.٩٪ بە هۆی بەرکەوتنی شتی قورس و ١٣.١٪ بە هۆی تەزووی کارەبا، ٤.٦٪ بە هۆی کەمیی ئۆکسیژن، ٣.١٪ بە هۆی سووتاوی و هەروەها ١٢.٦٪ بە هۆکارگەلی جیاوازەوە، ڕوودوای کار بەئەژمار دێن.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتاکوو ئێستا، شەش هەزار و ٥٥٥ کەس بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار کە لە نێوانیاندا ٣٥٠ کەس گیانیان لەدەست داوە.

پارێزگاکانی تاران ٥٣ حاڵەتی ڕووداوی کار، خوراسانی ڕەزەوی ٣٠ حاڵەت، ئیسفەهان ٢٨ حاڵەت و پارێزگای فارسیش ٢٤حاڵەت، زۆرترین ئاماری قوربانیی ڕووداوی کاریان بووە.

لەلایەکی دیکەوە و بەپێی ئەو ئامارانەی کە بڵاو بوونەتەوە، لە هەر ڕۆژێکدا لە وڵاتی ئێران، ٥ کرێکار بەهۆی ڕووداوی کارەوە گیانی خۆیان لەدەست ئەدەن.




بێ دوان

# «زاگرۆس خودرۆ» کەوتۆتە ئاویلکە

یەکێک لە شیرکەتەکانی دروست کردنی ئۆتۆمبیل لە ئێران، بە هۆی گوشار و کێشەی دارایی دەرئەنجامی گەمارۆکان داخرا.

پاش بێکاربوونی زۆربەی کرێکارانی یەکەی پیشەیی «زاگرۆس خودرۆ» و مانەوەی تەنیا ٨٠ کرێکار، ئەو کارگەیە لە داخرانی فەرمیی خۆی نزیک دەبێتەوە.

بەو شێوەیە، شیرکەتی کەرتی تایبەتی زاگرۆس خودرۆ، ئیدی هیچ کرێکارێکی نییە و چالاکیی ٢٠ ساڵەی ئەو شیرکەتە بەرەو کۆتایی دەچێت.

کرێکارانی دەرکراو، وێڕای بێکار بوونیان لەو شیرکەتە، بە هەواڵدەریی کاری ئیران «ئیلنا»یان ڕاگەیاندووە: ئێستا خاوەنداریەتی ئەو یەکەیە، دراوەتە خودرۆسازیی نوێ و بەشێکی زۆری لە کەرستە و ئامێری میکانیکیی کارگەی «زاگرۆس خودرۆ»ش فرۆشراوە.

ئەو کرێکارانە پرۆسەی داخرانی ئەو گارگەیان بۆ «گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان» و «سیاسەتە هەموارکراوەکان»دەگەڕێننەوە و بە نیسبەت ئەو ٤٠٠ کرێکارەی کە لەو شیرکەتە پاکانە حسێبیان لەگەڵ کراوە نیگەرانیی جیددی خۆیان دەربڕیوە.

پێشتریش، یەکێک لە کرێکارە دامەزراوەکان، لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدریی تەسنیم، سکاڵای لە بێڕێزی، هات و هاوار و جنێودانی بەڕێوەبەرانی نێوخۆیی ئەو کارگەیە تۆمار کردبوو.

شیرکەتە پیشەییەکانی «زاگرۆس خودرۆ» کە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویەوە، بە گونجاوی گەلاڵەی ٥٠ هەزار ماشینی لە ساڵێکدا داڕشتووە، ماوەیەکی دوور و درێژە تەنیا پێنج هەزار دەزگا ئۆتۆمبیلی لە ساڵێکدا بۆ بەرهەم هێنراوە.

گارگەی زاگرۆس خودرۆ، لە بەخشی «ئەشترینان»ی شاری «بروجێرد» لە سێ ڕیانی بروجێرد_مەلایەر_ نەهاوەند، هەڵکەوتووە.

# تکایە با شکستی دوژمن نەکەین بە سەرکەوتن!!!

هەژار ڕەحیمی

دوای ڕاگەیاندنی دەستپێکی وەرزێکی نوێ لە خەبات لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پاش ئەوەی کە لە یەکەمین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەدا، چەندین تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سپای تێرۆریستی پاسداراندا هاتنە ئاراوە، کۆماری ئیسلامی تووشی شکستێکی گەورە بوو و شۆکێکی مەزنی وێکەوت. ئەو شکست و شۆکە مەزنە جگە لە تێکشکانە سەربازییەکەی، بەشێکی مەزنتری دەرەنجامی ناکام مانی زیاتر لە بیست ساڵ بانگەشە و پڕوپاگەندەی پڕ لە درۆ و چەواشە بوو.

ئێمە لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ، شاهێدی زۆرێك لەو چیرۆك چنینانە بووین، کە ئاماژەیان بۆ نەمانی شۆڕش و هزری شۆڕشگێڕانە، زاڵبوونی حەزی ژیاندۆستی و پشت کردنە شۆڕش و بەهاکانی شۆڕش، زیادبوونی کەلێنی نێوان نەوەکانی شۆڕش و نامۆبوونی قەڵەم بە چەك و چەك بە قەڵەم لە ناو ئەم شۆڕشەدا، دەکرد. بەڵێ، لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی بەرگریکارانە و لە یەکەمین حەماسەی قارەمانانەی پێشمەرگە و لە یەکەمین ئاوێتەیی خوێنی نەوەکانی شۆڕش و لە یەکەمین بڵێسەی پراکتیکی شۆڕشگێڕی دوای ڕاسان و لە یەکەمین چیرۆکە نوێکانی کەم ژیان و کەڵ ژیان و لە یەکەمین شەهید بوونی پڕ لە ئیمانی چەك و قەڵەم لە باوەشی یەکدا، کۆماری ئیسلامی تووشی شکست و شۆك بوو. شکست و شۆکێك کە بۆی چاوەڕواننەکراو بوون.

کۆماری ترسنۆك و تیرۆریستی پەت و سێدارە، کە هەم لە ڕووی سەربازی و هەم لە ڕووی ڕاست دەرنەچوونی بانگەشە و گوتار و چیرۆکە درووستکراوەکانی، لانیکەم بیست ساڵی ڕابردوویەوە، کە بەشێکی کاریگەر لە پێکهاتەی گوتاری ئەو سیستەمەیان سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد پێکدەهێنا، توشی شکست ببوو، زۆر لە جاران زیاتر و لە ئاستێکی بەرفراوانتردا، لە ترسی لەناوچوون و شێوانی دوورگە ئارامەکەی و هەرچی زیاتر زەلیل و ڕسوابوونی، هاوکات لە گەڵ ئامرازەکانی دیکەی سەرکوت، پەنای بردووەتە بەر شەڕێکی دەروونی لە گەڵ تاکەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بەو پەڕی توانای خۆیەوە، هەوڵی بەلارێدابردنی ناسنامەی ئەم شۆڕشە و دڵساردکردنەوەی تاکەکانی دەدا.

بە درێژایی مێژوو، شەڕی دەروونی، بەشێکی کاریگەر بووە لە ئامرازی دەستی لایەنە دژبەرەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتری. بەڵام هیچکات ناتوانین ئەوەش لە بەرچاو نەگرین، کە شەڕی دەروونی لایەنە دژبەرەکان، زۆربەی جارەکان ئەو کاتە زیاتر دەستپێدەکات، کە هەست بە بێهێزی خۆیان دەکەن. ئیتر لێرەوە سەرنجێکی زیاتر و هێزێکی زیاتری دەخەنە سەر و دەیکەنە بەشێکی زۆرکاریگەر لە میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتری. کە ئەم حاڵەتە لە پێوەندی لە گەڵ هەل و مەرجی نوێی کۆماری تیرۆریستی ئیسلامیدا زۆر زیاتر دەردەکەوێ. ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیکا، لە هێزەوە نییە، بەڵکوو لە بێهێزییەوەیەتی.

ئێستا ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، کە ئەو سیستەمە دەستی داوەتە وەها شەڕێك و ڕۆژ نییە ئێمە شاهێدی چیرۆکی هەڵبستراو و هەواڵی پڕ لە درۆ و چەواشە نەبین. کەواتە ئەرکمانە ڕووبەڕووی بینەوە. کۆماری ئیسلامی بە هەبوونی دەسەڵاتێکی زۆری میدیایی و بارێکی ئابووری بەهێز(بۆ ئەو مەبەستە شەڕەنگێزانەیە) بۆ فەندکردن و پشتیوانی کردنی ئەو شەڕە دەروونییە، دەتوانێ مەودای دەسەڵاتی خۆی لە پانتاییەکی فراواندا، بە تایبەت لە ئێران بە شێوەیەکی گشتی و کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت، پەرەپێبدات و تەونی زانیاریی هەڵە و پڕ لە چەواشە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا بنێتەوە. ئەگەرچی کەوتنە نێو داوی ئەم تەونە پڕ لە چەواشەیە، بۆ هەر تاکێك مەترسیدارە و ڕەنگە بەشێك لە وزە و هزری شۆڕشگێڕیی کەمڕەنگ بکاتەوە، بەڵام کەوتنە نێو داوی ئەوانەی کە بڕیاری ئەوەیان داوە ببنە داینەمۆی گۆڕانی مێژوو و بە کردەیی بەرجەستەکەری هێزی بنیاتنەری مێژوون، زۆر مەترسیدارترە. کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆری ئامانجەکەی لەمەدا چڕ کردووەتەوە و بە هەر شێوەیەك بووە هەوڵ دەدات، کە زانیارییەکانی ئەم شەڕە دەروونییە بکاتە بەشێك لە سیستمی زانیاریی ئەو توێژە، تا لەم ڕێگەیەوە باوەڕی شۆڕشگێڕی و شێلگیرییان لەرزۆك بکات.

کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی خزاندنی زانیاری و هەواڵە پڕ لە چەواشە و درۆینەکانی بۆ ناو ئەو توێژە(خەڵکانی مێژووساز)، لە چەند شتێك کەڵك وەردەگرێ، کە من لە سێ بابەتی سەرەکیدا، دەیانخەمە بەرچاو:

### ۱- شەفافییەت

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرەی کە هەیەتی و بە ئامرازێکی زۆر کە لە بەردەستیدایە، دەتوانێ بە زۆر شت ڕابگات، بەڵام بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم، بەشێکی مەزن لە کەرەستەی ئەم شەڕە دەروونییەی، کە بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورد دەیکات، شەفافیەتی ئێمەیە بۆ دەربڕین و نیشاندانی ڕاستییەکانی تایبەت بە ژیان و شۆڕشی خۆمان. ئێمە بە هۆی ئەو سەردەمەی کە تێیداین و بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی، کە سەبارەت بە هەندێ چەمك و بەهای وەك ئازادی و دێموکراسی و شۆڕشی زانیاری و ....هتد، هاتووەتە ئاراوە، بە بێ ئەوەی کە سەیری دوژمن و بەرامبەرەکانمان و هێز و توانای داپلۆسین و ڕەهەندە بێئەخلاقییەکەیان بکەین، ئەوەی کە پەیوەستە بە ژیان و خەباتمانەوە، دەیهێنینە سەر زار و زمانان. دواتریش چیرۆك داڕێژانی دەرباری ویلایەت، بەو توانایەی کە لە هۆنینەوە و چنینی داستان و چیرۆك هەیانە، هەمیشە هەوڵدەدەن لە سەر بنەمای ئەوەی ئێمە دەیڵێین، بابەتێك هەڵکرێنن و ئینجا دەست دەکەن بە داڕشتنی چیرۆکی سەیر و سەمەرە، بە جۆرێك کە هەرکەس بیانخوێنێتەوە، وەك ڕاستی بکەونە بەرچاوی. کۆماری ئیسلامی بەو هەموو هێزە سەرکوتکەر و ئامرازە جۆراوجۆرانەوە کە هەیەتی، لە ئێستاشدا یەکێکە لە داخراوترین کۆمەڵگاکان و بە تەواوی هەموو شتێك سانسۆر دەکات و بە نهێنی دەیانهێڵێتەوە. کەواتە ئەوە بۆ ئێمە، کە لە گەڵ ڕێژیمێکی وەها تیرۆریست و سەرکوتکەر و نامۆ بە هەموو بەها مرۆییەکان بەرەوڕووین، ڕەوایە و دەبێ لەمبارەوە بە جۆری تێڕوانینی خۆمان سەبارەت بە شەفاف بوون، بچینەوە. بەتایبەت پێویستە نەکەوینە ناو ئەو گفتوگۆ و دەمەقاڵێیانەوە، کە دەتوانن زۆر شت بۆ دوژمن، ئاشکرا بکەن.

### ۲ـ حەزی زوو بڵاوکردنەوە و یەکەم بوون

ڕێژیمی ترس و تۆقاندن، وەك هەر سیستمێکی تری تیرۆریست، ئامانجی سەرەکی لەم شەڕە، بەدیهێنانی ترس و گواستنەوەی دڵەڕاوکێ و ساردکردنەوەی مرۆڤە ئازادیخوازەکانە، لە وەدواکەوتنی خەون و خولیاکانیان. بۆیە زۆربەی جارەکان هەواڵەکان بە جۆرێك دادەڕێژێت و وەها ئەفسوونی دەسخەڕۆکردنیان تێدا جێدەخات، کە بەداخەوە هەندێك کەس خۆیانی لە بەرانبەردا ڕاناگرن و وەك ئەوەی هەنگوینیان لە کونەدا دۆزیبێتەوە، بۆی لە قاو دەدەن. باشترین ڕێگەچارەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕەهەندە ئەوەیە، کە بایکۆت بکرێن و هەوڵبدرێ نەهێڵرێ مەودای بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیان لە چوارچێوەی دنیای پڕ لە درۆ و چەواشەی خۆیان، زیاتر بچێت. ئەگەر چاوێك بە ڕابردووی پڕ درۆ و چەواشە و ساختەکاری و بێئەخلاقیی ئەو سیستەمە تێرۆریستە بخشێنینەوە، بەو باوەڕە دەگەین، کە چەندە بێمانایە پشت بەستن بە زانیاری و هەواڵی سیستمێك، کە بناغەکەی لە سەر ساختەکاری و تەزویر بنیات نراوە.

### ٣ـ وروووژاندنی هەست و سۆز و حەزی بەرامبەر

کۆماری ئیسلامی زۆر بە باشی دەزانێ، کە زانیارییەکانی ناتوانن بە ئاسانی ببنە بەشێك لە پێکهاتەی سیستمی زانیاری دژبەرەکانی. زۆر بە باشی ئەوەش دەزانێ کە هەمووان لە ڕادەی تەزویر و درۆ و هەڵبەستراوەکانی ئاگادارن. بۆ ئەوەی کە بەسەر ئەم حاڵەتەشدا زاڵ بێت و ڕێگایەك بۆ خۆی بکاتەوە و بچێتە نێو سیستمی زانیاریی دژبەرەکانی، هەوڵدەدات بە هەندێك دانپێدانان(زۆربەیان بەرهەمی شەفافیەت و هەڵوێست و ڕای ئاشکرای خۆمانن)، کە ئەگەرچی بە پێچەوانەی شێوەی کاری ڕابردووی سیستمەکەشی هەن، کار لە سەر هەست و حەزی دژبەرەکانی بکات و بچێتە نێویانەوە. ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە، دانپێدانانی کۆماری ئیسلامی بە سەرکەوتن و ئیرادە و هێزی ئێمە، ژەهرێکی بە هەنگوین ڕووپۆشکراوە. ئەو لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ بێتە نێومانەوە و دواتر ڕێگە بۆ ڕاست وەرگرتنی زانیارییە پڕ چەواشەکانی دیکەشی بکاتەوە و لەرزۆکمان بکات و لە ئیرادەمان بدات.

لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ کەلێنێك لە دنیای ڕیوایەتەکانی ئێمەدا بکاتەوە و خۆی بخزێنێتە نێومانەوە. بەو ڕادەیەش کە هاتە نێومانەوە و ڕیوایەتەکانی بە هەند وەرگیران، ڕیوایەتی ئێمە لەرزۆك و کەم کاریگەر دەبێت. ئەم کارە ئەگەرچی زۆربەی کاتەکان بە بێئاگایانە ئەنجام دەدرێت، بەڵام گەورەترین سەرکەوتن بۆ کۆماری ئیسلامی دەستەبەر دەکات و ڕێگا خۆش دەکات بۆ باوەڕهێنان بە دنیا چەواشەکەی. بابەتێك کە بۆ کۆماری ئیسلامی گەورەترین سەرکەوتنە.

### وانەیەک و تراژیدییەک لە شەڕی دەروونی:

دەڵێن ئەسکەندەری مەقدونی دوای داگیرکردنی هەر شوێنێك، هێزێکی لێ بەجێ دەهێشت بۆ پاراستنی. تا وای لێهات بە هۆی زیادبوونی شوێنە داگیرکراوەکان، هێزەکەی خەریك بوو بێهێز دەبوو و بەمشێوەیە ترسی لێ نیشت، کە ئەگەر بێت و دژبەرەکانی وەدوای کەون، شکستی پێدێنن. تا بڕیاری دا پاشەکشە بکات و هێزەکانی خۆی کۆبکاتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی کە دژبەرەکانی نەوێرن وەدوای بکەون، فەرمانی کرد بە وەستایانی چەك و چۆڵ، کە هەندێك قەڵغان و خودەی سەربازی زیاد لە ئاست گەورە درووست بکەن، بۆ ئەوەی کە ئەگەر وەدوایان کەوتن، وا هەست بکەن ئەمە هێزی دێو و درنجی زەبەلاحە و بەم شێوەیە نەوێرن بەدوایاندا بچن. کە دواجار سەرکەوتووش بوو.

کۆماری ئیسلامییش بەو هەموو هێز و دەسەڵاتە سەرکوتکەرەوە کە هەیەتی، بەردەوام خەریکی چنینی چیرۆکی سەیر و سەمەرە و دوور لە ڕاستییە سەبارەت بە سیخوڕەکانی و قەتیش نەمان دیتوە یەکێك لەو سیخوڕانە ئەرکەکەی تەواو بوویێت و گەڕابێتەوە و ئاشکرا بوویێت!!! کەچی ئێمەش کاتێك تیمێکی پێشمەرگەمان دەچێتەوە، هەنگاو بە هەنگاو نیشانی دەدەین و کە دەشگەڕێنەوە، بە فیلمی ڤیدیۆیی نیشانیان دەدەین، تا بە کۆماری ئیسلامی و جاش و بەکرێگیراو و سەربازەکانی بڵێین، ئاسودە بخەون، مەترسیتان لە سەر نەما!!!!

بە کورتییەکەی ئەوەیە، کە کۆماری ئیسلامی زۆر بە باشی دەزانێ تووشی چ شکستێکی گەورە و چ شۆکێکی مەزن بووە. دەزانێ کە سەرەڕای هەموو بانگەشە چەواشەکانی، هێزێکی بە ئیرادەی مێژووساز لە بەرانبەریدا هەیە و دەتوانێ بیکێشێتە ناو ململانێوە. دەزانێ سەرکەوتنی پێوەندیی دینامیکی نێوان ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیە و خەڵکەکەی چەندە و چەندە خوازیاری ڕزگاری و ئازادین و چەندە عەودالی درووشمی کەم ژیان و کەڵ ژیانن، بۆیەش پەنا دەباتە بەر وەها شەڕێکی دەروونی و هەوڵدەدات، لە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بدات. کەواتە با هەوڵبدەین لەم مەیدانەشدا، هەروەکوو مەیدانی پڕ سەروەری و نەبەردیی پێشمەرگە قارەمانەکان، بێجگە لە ناکامی، هیچی تری بۆ نەهێڵینەوە.

> **ئەگەر چاوێک بە ڕابردووی پڕ درۆ و چەواشە و ساختەکاری و بێئەخلاقیی ئەو سیستمە تێرۆریستەدا بخشێنینەوە، بەو باوەڕە دەگەین، کە چەندە بێمانایە پشت بەستن بە زانیاری و هەواڵی سیستمێک، کە بناغەکەی لە سەر ساختەکاری و تەزویر بنیات نراوە.**



ڕوانینێکی تەڕی لە حەسانەوە لە شاخەوە بۆ شار

# بایەخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بۆ باشووری زاگرۆس

**حیسام دەستپیش**

ناوچە باشوورییەکانی زاگرۆس بەشێکن لەو ناوچانەی بە پێچەوانەی بوارە کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەکەی، شوناسی داسەپێندراوی ناوچەییان لە شوناسی سەرەکیی خۆیان جیاکردووەتەوە. بە واتایەکی دیکە، هەرچی و هەرکە خۆی بە نوێنەری ئەم ناوچانە دەناسێنێ، باشووری زاگرۆس تەنیا بە وێنەی گۆڕەپانێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چاو لێدەکات، نەك ئەکتیف کردنەوەی ئەم ناوچەیە. بۆ وێنە دەکرێ ئەم پرسیارە کە بۆچی لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاخانی‌دا کە ئەم ناوچەیەی وەك بەشێك لە شوناسی ئێرانی ناودێر دەکرد، هیچ جۆرە پشکێك و بایەخێکی ستراتیژی لە سیاسەتەکانی پەهلەوییەکاندا بەرنەکەوت؟ یا لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا کە شوناسی شیعە وەك کۆڵەکەکانی پێکهاتنی هێز و دەسەڵات، پێناسە و دیاری کراوە، هۆی ونبوویی باشووری زاگرۆس لە قووڵایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا چییە؟ هەر لەم ڕوانگەوەیە کە دەبێ ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ کە چ تایبەتمەندییەك لە باشووری زاگرۆسدا هەیە کە تا ئێستا نەیتوانیوە پلە و پێگەی پێویستی خۆی بەدەست بێنێ؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستە چاو لە شوناسی سەرەکیی ئەم ناوچە بکرێ و لە بەرانبەردا بکەوینە ململانێ لەگەڵ شوناسی سەپێندراو. شوناسی باشووری زاگرۆس لەسەر بنەمای شوناسی کوردی بیچمی گرتووە. واتا کورد بوونە کە واتا بە بوونی خەڵکی ئەم ناوچەیە دەدا. لە کاتێکدا کە مۆدیلی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی هیچ جۆرە وێکچوویییەکی لەگەڵ ئەودا نەبووە و نییە. لە هەمانکاتدا باشووری زاگرۆس لە ڕووی کردەییەوە، ناوچەی بنەماکانی پێویست بۆ پێکهێنانی و سەقامگیربوونی دەسەڵاتە. ئەگەر چاوێك لە بەکارهێنان و کەڵکاژۆی کەرەستەئاسای سیستمی پەهلەوی لە هێزی مرۆیی ئەم ناوچەیە و بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەویە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە باشووری زاگرۆس تەنیا ئامرازێك بۆ بەرهەمهێنانەوە و پاراستنی دەسەڵاتی ئێرانییەکان و ناوەندخوازەکان بووە. هۆکاری سەرەکیی ڕوانگەی لەم چەشنە، ئەوەیە کە سیستمە ئاماژەپێکراوەکان ئەم ناوچەیان وەك سەرچاوەی هێزی خۆیان بەئەژمار نەهێناوە. بەڵکوو ئەوان بە ڕوونی ئەوەیان زانیوە کە باشووری زاگرۆس بیاڤی ژیارێکی جیاوازە کە لە ئاکامدا ڕێگایەکی جیا لە ڕێگای سیستمە زاڵەکان لەپێش دەگرێ.

لە دۆخێکی ئاوادا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد چ ڕاکێشەرییەکی هەیە کە دانیشتوانی باشووری زاگرۆس بەرەولای خۆی ڕاکێشێ و بەو ئاراستەیەدا هەنگاو بنێن؟

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، خۆی وەك بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و هەڵقوڵاو لە بنەماکانی ژیار و شوناسی مرۆڤی کورد پێناسە دەکات، کە لە ئاکامدا ئەمە کورد بوونە کە واتای پێدەدات. لەم نێوەدا باشووری زاگرۆس هەیە کە شوناسی سەرەکیی ئەوان، واتا کورد بوون هۆکارێك نەبووە کە ڕەوتی ژیانی ئەوان دیاری بکات و هۆکاری ونبوویی لە سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی‌دا بووە و هەیە. لە ئاوا دۆخێکدا، گەلۆ گوتاری کوردی ڕاکێشەریی زیاترە یا گوتارەکانی دەسەڵاتدار؟ گەلۆ، ئاخۆ چارەنووسی بزووتنەوەی کوردستان و باشووری زاگرۆس دەتوانن پێکەوە هەڵکەن و لەگەڵ یەکدی تەبا بن؟

هەر لەم ڕوانگەوەیە کە دەکرێ ئەم بەڵگەیە بخرێتە بەرباس کە بە چالاك بوونەوەی باشووری زاگرۆس و هاوکات و هاوڕێ کردنی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان، دەبێتە هۆی شێوازێك لە گەڕانەوەی شوناس و وەئاگا هاتنەوەی شوناس کە لە ئاکامدا بەشێکی زۆر لە پوتانسییەلەکانی باشووری زاگرۆس دەکەونە گەڕ و ئەکتیڤ دەبنەوە، چوونکە هەرجۆرە مۆدێلێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری، کاتێك دەتوانن بانگەشەی کارامە بوون بکەن کە مۆدێلە ئاماژەپێکراوەکان لەسەر بنەمای بوارە چوارجۆرەکییەکان بێ. بەو واتایە کە پێکهێنانی دەسەڵات دەبێ لەگەڵ شوناسی کەلانی نەتەوەیەکدا یەکانگیر بێ. یەکسانیی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی شوناسی زاڵ و دۆڕاو خۆی پێناسە نەکردبێ. بنەماکانی کولتووری بە مەبەستی ڕاکێشان و گۆڕانی کولتووری نەبێ و هێزە کۆمەڵایەتییەکان بنەمای دەسەڵات بن نەک کەرەستەی ئەو. لەم نێوەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دژایەتیی جیددیی لەگەڵ ئەو خاڵانەی سەرەوە نییە. لە قۆناغی یەکەمدا شوناسی کەلانی کۆمەڵگای کورد، شوناسێکی بەربڵاو و فرەچەشنە کە بەشدار نەبوونی بەربڵاوی ئەم ناوچەیە بە وێنەی لاوازی و ناتەواوییەك لە بزووتنەوەی کورددا دەبینێ. هاوکات ئاگاداری ئەوەش هەیە کە لە ئەگەری پێشکەشکردنی مۆدێلێکی هاوشێوەی مۆدێلەکەی دەسەڵاتدارانی حکوومەت، بۆ خەڵکی کوردستان سەرنجڕاکێش نابێ. هاوکات وێنای ئەم بزووتنەوەیە لەسەر بنەمای لە پەراوێز خستنی یەکێك و ڕاکێشانی ئەوی دی لە کۆمەڵگای کوردستاندا بیچمی نەگرتووە، چوونکە پێکهێنانی دەوڵەتێکی مەدەنی بە بنەمای بەڕێوەبەریی کوردستان دەزانێ، کە لەودا ڕەوایی نەك لە ئاسمانەوە، بەڵکوو لەسەر زەوییەوە بەدەست دێ.

لە کۆتاییدا دەبێ داوا بکرێ کە خەڵك و بژاردەکانی باشووری زاگرۆس ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکەن کە گەلۆ کاتی ئەوە نەهاتووە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بە جیددی وەرگرن، گەلۆ ئەزموونی نزیك بە سەدەیەك لەگەڵ سیستمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بەس نییە بۆ ئەوەی بگوترێ ئەزموون کردنەوەی ئەزموونکراو هەڵەیە؟

ڕێگا و ڕێباز و چارەنووسی دانیشتوانی زاگرۆس جیاوازە لەگەڵ شوناسی زاڵ و سەپێندراودا و ئەوە سیستمی ژیاری مرۆڤی کوردە کە دەبێتە هۆی بزۆزیی ئەم ناوچەیە. لە بارودۆخی ئێستادا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە کۆتایی هاتنی تەمەنی ناسیۆنالیزمی فارس، تورك و عەرەب نزیك دەبینەوە، لە بەرانبەردا ناسیۆنالیزمی کورد ڕوو لە پەرەسەندن و پێکهێنانی بنەما مەدەنییەکانی دوارۆژی خۆیەتی.

# کاتێک لەکەکان دەبنە دڕکی چاو

**شارام میرزایی**

**و: ئەرسەلان یارئەحمەدی**

کرماشان، ئیلام و لوڕستان سێ پارێزگای ئستراتیژیکی زاگرۆسن کە لە سیستمی چەوسێنەری- داگیرکاری پان ئێرانیسمی کۆماری ئیسلامی و پاژنەی ئاشیلی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی زاگرۆس بەئەژمار دێت. ئەوەی کە ئێمە زاگرۆس نشینەکان نەمانتوانیوە لەماوەی سەدەکانی ١٩ و ٢٠ وەکوو باقی نەتەوەکانی دیکە حکوومەتی نەتەوەیی و دەوڵەت نەتەوەی خۆمان دابمەزرێنین، ڕاستییەکی تاڵە کە لە هۆ و هۆکاری تاڵەوە سەرچاوەی گرتووە. گەشە نەکردنی زانیاری و شعوری نەتەوەیی، نەبوونی بەستێنی لەبار بۆ تێپەڕینی مرۆڤی کورد لە ئاوەزی عەشیرەیی و تایفی بۆ ئاوەزی نەتەوەیی و لەگشتی گرینگتر بێدەنگی و ڕاوەستانی چالاکیی سیاسی_ کۆمەڵایەتیی کورد لەهەمبەر پێکهاتەی نەریتی _ تایفی لە سەرەکیترین هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەوەی خولی نائاگایی نەتەوەیی بووە، کە ئەمە خۆی کاتالیزۆرێکە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامە داگیرکەرانەکانی ناوەندگەراکانی ئێرانی ئیسلامی و بەردەوامیی زاڵ بوون لەسەر کوردستاندا و خێراترکردنی ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی کوردەکان لە کرماشان و ئیلام.

دووبەرەکی بنێوە و دەسەڵاتداریێتی بکە

بێڕێزی بە شووناس، نەتەوە و ئایینی کوردەکان بابەتێکی نامۆ و نوێ نیە بۆ کوردەکان وکارێکە کە لەمێژە بە ڕێنوێنیی بژاردە ئێرانییەکان و لەڕێگای حکوومەتی فاشیستی مەزهەبیی ئێران گەڵاڵەی بۆ داڕێژراوە و جێبەجێ کراوە و دەکرێت. لەوکاتەوە کە بژاردەی ئێرانی بۆ یەکەمجار بەمەبەستی فێربوونی زانستی نوێ سەردانی ئورووپای کرد و لەژێر کاریگەریی ژیانی سیاسی_کۆمەڵایەتیی ئورووپا بە خەیاڵی شیرینی دروستکردنی دەوڵەت_نەتەوە گەڕایەوە بۆ ئێران، ڕۆڵێکی بنەڕەتیی و سەرەکی لە تێکدانی نەتەوەیی_شووناسی و ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگیی نەتەوەکانی چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران هەبووە، پرۆژەیەک کە تێیدا بژاردە و ڕۆشنبیری ئێرانی لەلایەک و حکوومەتی فاشیستی_ مەزهەبیی ئێران لەلایەکی دیکەوە لەماوەی سەدەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی سیستماتیک و بە بەشدارییەکی تەنگەبەر کاری کردووە و بەرنامە پەیوەندیدارەکانیان بەرەو پێش بردووە. بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکی پڕ لە بێڕێزی کە سەرتاپای هەجو و گاڵتەکردن بە کوردانی لەکە، لە نوێترین و بەرچاوترین نموونەکانی بێڕێزیی ناوەندگرا ئێرانییەکان بە شووناس و کەسایەتی ئێمەیە، کردەوەیەک کە دژکردەوە و تووڕەیی بەربڵاوی خەڵک و چالاکانی سیاسی_کۆمەڵایەتیی کوردستانی بەدواوە بووە و سەرەڕای نارەزایەتیی بەربڵاو و بێوێنەی کوردەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێپێوان و نووسینی چەندین بەیاننامەی دژ بە ئەم کردەوە فاشیستییەی ناوەندگەراکانی بەدواوە بوو، کە ڕێپێوان و گردبوونەوەی خەڵکی نوورئاباد لە پارێزگای لوڕستان بەربڵاوترین و بەرچاوترینی ئەو نارەزایەتییانە بوو. لەو نێوانەدا بابەتی شرۆڤەیی جۆراوجۆر لەسەر هۆکاری بیچم گرتنی ئەم بێڕێزییانە لەماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراوەتەوە کە هۆکارگەلی وەکوو هەبوونی بەربڵاوی لەکەکان لە شارە سەرەکییەکانی کوردستان، پێشکەوتنی ئابووریی ئەو خەڵکە و هەروەها پێشکەوتنی فەرهەنگی لەکەکان بە هۆکاری دژکردەوەی نەرێنی و بەرهەمهێنانی وەها بەرهەمگەلێک دژ بە لەکەکان لەقەڵەم دەدەن.

ئەوەیکە لەو بابەتانەدا ڕوون و ئاشکرایە، شرۆڤەی لاواز و ڕووکارانە و ناکارناسانەی ئەم نووسینانەیە کە تەنیا لە هەست و نەبوونی ناسیاری دروست لە ناوچەی ژیانی سیاسی_کۆمەڵایەتیی کوردستان و زاگرۆس سەرچاوە دەگرێت. شرۆڤەی نادروست و نازانستی نەک هەر دەبێتە هۆی ون بوونی ڕاستییەکان لەنێوان زۆربڵێیی، بەڵکوو دەبێتە هۆی بەلاڕێداچوونی چالاکانی مەدەنی_سیاسیی ئێمە. مەگەر لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی کوردانی لەک لە شارە سەرەکییەکانی کوردستان وەکوو کرماشان نەبوون؟ مەگەر خاوەن سەرمایەکان و کەسانی جێگای متمانەی بازاڕ لەو خەڵکە نەبوون؟ بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی لەو ساڵانەدا کوردانی لەک نەدەکەوتنە بەر شاڵاوی بێڕێزیی ناوەندگەراکان وەک ئەوەی کە ئێستا دەکرێت؟ و بۆچی ئەم شاڵاوە بێڕێزییە دژ بە لەکەکان لەدەیەی ٨٠ی هەتاوی بەملاوە بیچمی گرتووە و گەیشتووەتە لووتکەی خۆی؟

ڕوانینێک بۆ ئاڵوگۆڕە سیاسی_کۆمەڵایەتییەکانی دەیەی ٨٠ی هەتاوی بە ڕوونی دەریدەخات کە حزووری بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستان بووەتە هۆی بیچم گرتنی ڕەوتی شووناسخوازانە لەنێو لاوانی لەک و بەرزبوونەوەی ئاگایی نەتەوەیی_شووناسیی ئەوانی بەدواوە بووە، کارێک کە بووە هۆی بەشداریی چالاک و ئاشکرای کوردانی لەک لە دژکردەوە سیاسی_کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و پەیوەست بوونی ئەوان بە ڕیزەکانی ئازادیخوازان. کۆی ئەم هۆکارانە شەپۆلێکی گەورەی وزەی نووستوو لە زاگرۆسی ئازاد کرد کە هەوڵە حەقخوازانەکانی لەکەکانی لەپێناو گەیشتن بە مافە سەرەتایی و مرۆییەکانیانی بەدواوە بوو. کارێک کە لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی بیچمگرتنی شاڵاوی بێڕێزیی ناوەندگەرا ئێرانییەکان دژ بە کوردانی لەک بە ئەژمار دێت.

لەڕاستیدا دەبێ بڵێین کە ترسی حکوومەتی فاشیستی_مەزهەبیی ئێران لەگەشەسەندن و دزەکردنی بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستان و بەشداریی چالاکی کوردانی لەک لەو بزووتنەوەدا، سیستمی فیکری_فاشیستیی والێ کردووە کە بەشێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام دەست بداتە بێڕێزی کردن بە شووناسی_کەسایەتی کوردەکان، بەتایبەت کوردانی لەک، هەتا بەم شێوەیە بتوانن دووبەرەکی بخەنە نێو زاراوە جیا و جۆراوجۆرەکانی کرماشان، ئیلام و ببنە بەربەست لەهەمبەر بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و گەشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەم پارێزگایانە.

دەبێ چ بکەین؟

کۆماری فاشیستی_ئیسلامیی ئێران، بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتداریێتی و داگیرکاریی خۆی لەسەر زاگرۆس، لە هیچ تاوانێک چاوپۆشی نەکردووە و ناپرینگێتەوە. لە دووبەرەکی نانەوەی ئایینی لە زاگرۆسەوە بگرە هەتا نانەوەی دوژمنکاریی زاراوەیی نێوان هۆزەکانی زاگرۆس و ئاسمیالاسیۆنی خەڵکی ئەو ناوچەیە و ئێعدام و سڕینەوەی جەستەیی چالاکان و ڕۆشنبیرانی ئەم ئاو و خاکە. لەو نێوانەدا ڕۆشنبیران، بژاردە و چالاکانی سیاسی_کۆمەڵایەتیی زاگرۆس وەکوو شعووری ئاگای کۆمەڵگا بە ناسینی سیاسەتی دووبەرەکی نانەوەی سیستمی فاشیستیی حاکم لە ئێران دەتوانن لەلایەکەوە چالاکییە سیاسی_کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان چڕتر بکەنەوە و ئاستی زانیاریی نەتەوەیی خەڵکی زاگرۆس بەرزبکەنەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بە پەرەدانی پەیوەندی نێوان ناوچەکان و دروستکردن و پتەوترکردنی پەیوەندی نێوان توێژەکانی بەشداری بزووتنەوەی شووناسخوازانەی زاگرۆس، لەپێناو لابردنی شتە نادروونەکان، ناسینی زیاتر و قووڵتر کردنی پەیوەندییە فیکرییەکان و پتەوترکردنی زیاتری هەستی یەکگرتوویی هەنگاو هەڵبێننەوە.

ئەگەر کۆمەڵگای کوردستان بەلاڕێدا بڕوات، ئەگەر زاگرۆس تووشی دووبەرەکی بێت، ئەگەر سیاسەتە فاشیستی و دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لەم نیشتمانەدا سەرکەوێ، دەبێ قامکی تاوان بۆ لای چینێکی تایبەتیکۆمەڵگا ڕابکێشین، و نەبوونی توانایی ئەو توێژە لەناسینی دروستی کات و شوێنی خۆیان و ناکارایی لە هەڵبژاردنی دژکردەوەی پێویست و لەبار بە هۆکاری سەرەکی ئەم شکستە بزانین.



ناڕەزایەتیی لەکەکان بەرانبەر سووکایەتیی سیستماتیک

# ڕۆژئاوای وڵات بەرەو کوێ؟

عەلی مۆنەزەمی

پێشینیان وتوویانە کە ئەگەر دەرفەت و شانس هاتە بەر دەرکە و دەرکەت نەکردەوە، دەرواتە بەر دەرکەی یەکێکی دیکە. دەرفەت شتێک نیە کە هەموو ڕۆژێک بێتە بەر دەرکە. بۆیە پێویستە کە مرۆڤ بتوانێ دەرفەتان بقۆزێتەوە تا بتوانێ بە باشترین شێوە کەڵکیان لێ وەربگرێ. لە ژیانی نەتەوەیەکیشدا، لەوانەیە بۆ هەر نەسلێک یان چەند نەسلێک یەکجار دەرفەتی زێڕین بخولقێ بۆ ئەوەی کە بتوانێ هەنگاو بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی ڕەوشی خۆی بدات. بۆ ئەو ئامانجە، لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی ڕێبەران، پارتە سیاسییەکان و باقی ڕێکخراوە ئەکتیڤەکانی نێو کۆمەڵگا کە بتوانن دەرفەتەکان و پێشهاتەکان بخوێننەوە و لە کاتی دروستدا هەنگاوی دروست بۆ قۆستنەوەی هەڵبگرن.

دوای ئەوەی کە سووریە تووشی قەیران و شەڕێکی مالوێرانکەری نێوخۆیی بوو، دەسەڵاتی چەوسێنەری بەعسی سووریە بە چەشنێک لە ڕۆژئاوای وڵاتەکەمان تووشی لاوازی و تا ڕادەیەکی زۆر پاشەکشە بوو و کورد توانی لە لایەک ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و تا ڕادەیەک چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و لە لایەکی دیکەش لە بەرانبەر دێوەزمەی تیرۆر و گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک داعشدا خۆڕاگری بکا و بە حەماسەی کۆبانی نێوی کورد لە دونیادا بڵاو بکاتەوە و ببێتە هێزێک و سیستمێکی حوکمرانی بە سیمایەکی مرۆڤی دابمەزرێنن کە ببێتە نموونە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا؛ بە تایبەتی کە ژن لەو سیستمەدا نەتەنیا توانیی خاوەن ماف بێ، بەڵکوو خاوەنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرییش بێ.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییە ئەرێنییانە، ئاهۆی دێرینی شۆڕشەکانی کورد، توانیی زۆر زوو هێزەکانی ڕۆژئاوای بکرێنەوە و هەوڵی چارەسیی ئەو ناکۆکیە نابەجێیانە بدرێ کە تەنیا و تەنیا لە بەر زێدەخوازی و بەرژەوەندیی حیزبی بوو/ یە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان ( باشوور)، بەڕێز مەسعوود بارزانی، پەیەدە و ئەنەکەسەی لە دهۆک کۆ کردەوە و توانی بە ڕێکەوتنێکیان بگەیەنێ و دەستەیەکی هاوبەش بە نێوی «دەستەیا بلند» لە هەر دوو لا پێک بێنێ، بۆ ئەوەی کە کورد لە ڕۆژئاوای وڵات تووشی شەڕی نێوخۆیی نەبێ و بتوانێ هێزی خۆی یەکگرتوو بکات. بەڵام لە پراتیک دا، هێچ یەک لەو دوو لایەنە نەیانتوانی بەو ڕێکەوتنە پێبەند بن و کاری پێ بکەنەوە.

دوای ئەوە هێندێک ڕووداوی ناخۆش لە نێوانیاندا هاتە پێش و پەیەدە لە عامووودا هەندێک لایەنگری ئەنەکەسە کە نارەزایەتییان بەرانبەر پەیەدە دەربڕیبوو، دایە بەر ئاگرباران و ئەو کارە بووە مایەی کەیفخۆشیی دوژمنانی گەلەکەمان بە گشتی و ڕێژیمە داگیرکەرەکانی تاران و دەمشق بە تایبەتی.

پەیەدە تا ڕادەیەکی زۆر خوازیاری سیستمێکی تەک حیزبیە و هیچ بیر و بڕوایەکی دەرەوەی خۆی تەحەمول نەدەکرد. بەڵام پێویستە کە بگۆترێ کە لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی‌دا پەیەدە توانیویەتی باڵانسێک بپارێزێ لە نێوان دوو بەرەی سەرەکیی شەڕ لە سووریە کە لە بەرەیەکدا ئامریکا سەرکردایەتیی دەکا و لە بەرەی دیکەشدا ڕووسیە. پەدەیە هەروەها بەو سیاسەتەی کە گرتوویەتە پێشێ بە نیسبەت دەوڵەتی بشار ئەسەدەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە لانیکەم کوردستان لە گەڵ ڕێژیمی ئەسەد تووشی شەڕ نەبێ و زیاتر هێزەکانی بە دژی داعش ئاراستە بکات.

ئەنەکەسەش بۆ ئەوەی کە بتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، پێشمەرگەکانی خۆی لە شەڕی دژی داعش لە باشووری کوردستاندا بەکارهێنا. ئەو کارە ئەگەر بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لێک

> **پەیەدە تا ڕادەیەکی زۆر خوازیاری سیستمێکی تەک حیزبیە و هیچ بیر و بڕوایەکی دەرەوەی خۆی تەحەمول نەدەکرد. بەڵام پێویستە کە بگۆترێ کە لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی‌دا پەیەدە توانیویەتی باڵانسێک بپارێزێ لە نێوان دوو بەرەی سەرەکیی شەڕ لە سووریە کە لە بەرەیەکدا ئامریکا سەرکردایەتیی دەکا و لە بەرەی دیکەشدا ڕووسیە**

کوردستانیش تووش بکا و دەردی تەحەمول نەکردن و زێدەخوازی بووە کولتووری باو لەپەیوەندی لە گەڵ شێوازی هەڵسوکەوتی لایەنەکانی کورد لە ڕۆژئاوای وڵاتدا لە گەڵ یەکتر و دووبەرەکی و مودێلی نادروستی حیزبایەتی لە هەندێ بڕگە و هەندێ شوێنی کوردستان، لەوێش کۆپی کرا و لایەنەکان بە سەر دوو لایەنی سەرەکیی پەیەدە و ئەنەکەسەدا دابەشکران. بەڵام بە خۆشییەوە ناکۆکییەکان نەگەیشتنە ئەو ئاستە کە هەموو پردەکانی پەیوەندی نێوان ئەو لایەنانە بڕووخێنێ. بە دەستپێشخەریی خێرخوازان و کەسایەتییە نەتەوەییەکان، زۆر زوو هەوڵ درا کە لایەنە ناکۆکەکان لە دەوری یەک بۆ دیالۆگ کۆ

بدرێتەوە، بایەخی هیچ لە کار و خەباتی پەیەدە کەمتر نیە. لە بەر ئەوەی کە سەرکردایەتیی ئەنەکەسە لە لایەک توانییان لە خەباتی نەتەوەیی و پاراستنی خاکی کوردستاندا بەشدار بن و لە لایەکی دیکەشەوە هێزەکانی خۆیان سەرگەرم بکەنەوە کە بیر لە شەڕی براکوژی و ڕکەبەرایەتیی نابەجێ لەگەڵ پەیەدە نەکەنەوە کە ببێتە هۆی زەرەری گەلەکەمان.

ئەگەر چی پەیەدە و ئەنەکەسە ململانێیەکی نابەجێیان پێکەوە هەیە/ هەبوو، بەڵام هەر دووی ئەم لایەنانە لە سەر ئەوە کۆک بوون کە لە گەڵ ڕێژیمی ئەسەددا شەڕی چەکداری ڕابگرن و نەهێڵن کە کوردستان زیاتر وێران بێ.

ئەنەکەسە لە لایەکی

و لە نێو نەتەوەکانی باڵادەستدا کە کوردستانیان داگیر کردووە، کەسانی خاوەن کەسایەتیی دێموکراتیک کە بتوانن دان بە مافی گەلی کورددا بنێن، نە تەنیا کەم، بگرە هەر نەبێت. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو هۆیە، چارەنووسی کوردە لە باشووری کوردستان کە سەرەڕای چەسپاندنی مافەکانیان لە دەستووری بنەڕەتیی وڵاتدا، هێشتا کاربەدەستانی بەغدا کە لە سەر شانی کورد بەو دەسەڵاتە گەییشتن، مافەکانی پێشێل دەکەن. هەر ڕاست لەبەر دەرکەوتنی وەها ڕاستییەکە کە ڕێبەرانی ئەنەکەسە ماوەیەک پێش لە ئێستا، جوابی ڕەدیان بە داخوازی سەرۆکی ئیئتیلافی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دایەوە بۆ

دیکەشەوە لە دانیشتنێکدا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لە ئیستانبۆل ڕێککەوتن و گرینگترین خاڵی ئەم ڕێککەوتنە چارەسەریی پرسی کورد بوو لە ڕۆژئاوا و دانپێدانان بە کورد لە یاسای بنەڕەتیی سووریەی نوێ دا و ڕاگرتنی هەموو ئەو پرۆژە ڕەگەزپەرەستانەی کە دژی گەلی کوردن و دانی غەرامە بە کورد و بەنێو کردنی سووریە بە کۆماری سووریە بوون. بەڵام وا دیارە کە ئەم ڕێککەوتنەش بە جێگایەک نەگەییشت.

ئەگەر بمانەوێ لەسەر سەرنەکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە بە کورتی ئاماژەیەک بە هۆکارەکان بکەین، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

ناردنی پێشمەرگەکانیان بۆ عەزاز و هەر وەها بەشدارییان نەکرد لە حکوومەتی کاتیی سووریەدا کە لە لایەن ئیئتیلافی ئۆپۆزیسیۆنی سووریەوە پێک هاتووە و هۆیەکەشیان بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە؛ ئەو ئیئتیلافە لە گرووپە دینییەکان نزیکە کە دژی گەلی کوردن و کوردیان خۆش ناوێ. لە لایەکی دیکەوە، لەو حکوومەتەدا بێجگە لە کورد هیچ پێکهاتەیەکی دیکە لە سووریەدا، وەک تورکمان و ئاسووریەکان و...، بەشدارییان پێ نەکردوون. بۆیە ئەنەکەسە ویستی کە پێشمەرگەکان لە بەرەیەکی دیکەدا بەشدار بکا کە لە لایەن پەیەدەوە

دامەزراوە و بە نێوی هێزەکانی سووریەی دێموکرات دەناسرێ. ئەو بەرەیە جاری یەکم لە سێزدە لایەن پێکهات کە هەموو لایەنەکانی عەرەب، کورد، ئاسووری، سریانی و تورکمان لە خۆی دەگرێ و لە لایەن زۆر وڵاتەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە شەڕی دژی داعشدا.

ئەو هەنگاوەی ئەنەکەسە و بەشدارییان لەگەڵ ئەو هێزە، یەکێکی دیکەیە لە هەنگاوە ژیرانەکانی ڕێبەرایەتیی ئەنەکەسە و هیوای چارەسەری و لێک نێزیک بوونەوەی لەگەڵ پەیەدە زۆرتر بووە، کە تەنانەت ڕووسیەش لە ڕێگای جێگری شالیاری

دەرەوەی ڕووسیە، «میخاییل بۆگدانۆڤ»ەوە ئەوەی بە نوێنەری ئەنەکەسە ڕاگەیاندبوو کە ڕووسیە لە یەک نزیکبوونەوەی ئەنەکەسە و پەیەدەی پێ خۆشە.

یەکگرتن و لەیەک نزیکبوونی لایەنەکانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان داخوازییەکانی گەلەکەمان مسۆگەرتر دەکات و ناکۆکیەکان دەبنە هۆی بچووک کردنەوە و وەدی نەهاتن و لەکیس چوونی ئەم داخوزیانە. بۆیە هیوادارم کە بە هۆی هەندێک بەرژەوەندیی کورتخایەنی حیزبییەوە ئەو دەرفەتە لەکیسمان نەدەین.




## مستەفا هیجری سەردانی ناوەندی مێری کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری، سەردانی ناوەندی «مێری»(MERI) کرد کە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی ناوەندی «مێری» کرد کە ناوەندێکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لەو سەردانەدا، هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستی مستەفا هیجری، لە لایەن هەیئەتێکی ئەو ناوەندەوە بە سەرپەرەستی پرۆفسۆر «دلاوەر عەزیز عەلائەدین» بەرپرسی ئەو ناوەندە، بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا. دوو هەیئەت لە دانیشتنێکی دوو کاتژمێری‌دا، لە سەر پرس و بابەتی پێوەندیدار بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ئەم ناوچەیە و دۆزی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان، ئاڵوگۆری بیروڕایان کرد و بۆ هاوکاریی زیاتر لە سەر چەند بەرنامە و جۆری هەماهەنگییەکان ڕێککەوتن.



## مستەفا هیجری:

# ئێران دوژمنی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و وڵاتی ئیسرائیلە



مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژنامەی ئورشەلیم پۆست وتووێژێکی لە سەر خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەل مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە. لێرەدا دەقی ئەو وتووێژە دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان:

کاتێک محەممەدڕەزا شای پەهلەوی لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران لە دەسەڵات وەلا نرا، حیزبی دێموکرات خوازیاری حکوومەتێکی دێموکراتیک بوو، بەڵام کۆمارێکی ئیسلامی لە تاران هاتە سەر کار. هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەڕوانێتە ٣٧ ساڵ خەبات دژ بە ئەم ڕێژیمە شیعەیە.

لە چەند مانگی ڕابردوودا، حیزبی دێموکرات هێرشی دووبارەی بۆ سەر سپای پاسداران دەستپێکردووە و پێشمەرگەکان دەیان چەکداری ئێرانیان کوشتووە.

مستەفا هیجری لەم بارەیەوە دەڵێت: «ساڵی ٢٠١٥ی زایینی، کاتێک بینیمان کە ڕێژیمی ئێران نایهەوێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکات، بڕیارمان دا کە پێشمەرگەکانمان بنێرینەوە ئێران». هیجری لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «ئێران دەیزانی کە پێشمەرگەکانمان هاتوونەتەوە نێوخۆی وڵات، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەوان خەریکی دانوستان لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ (پەیماننامەی ناوکیی ئێران) بوون، ویستیان کە پیشان بدەن کە وڵات ئارامە و هەروەها ویستیان پیشان بدەن کە ئەوان هیچ جۆرە کێشەیەکیان (لە نێوخۆی وڵات) نیە«.

ئێستا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێران زۆرتر چالاک بوونە، لە ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٢دا، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی ئۆتریش و ئاڵمان تێرۆر کراون.

مانگی ڕابردوو ئێران هۆشداری دا کە شاری کۆیە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆردوومان دەکات، ئەگەر حیزبی دێموکرات ئۆپراسیۆنەکانی ڕانەگرێت.

یەکەم قسەی مستەفا هیجری لە بارەی ئەوەی کە بۆچی ئێران دژایەتی ئیسرائیل دەکات گوتی: «ئێمە دوژمنی هاوبەشمان هەیە، بەڵام وڵاتانێکی زۆر پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکەن».

ناوبراو باسی لەوە کرد؛ «ئێران مەترسییەکە بۆ ناوچە و پشتیوانی کردنی لە حیزبوڵڵا و حەماس، پیشان دەدات کە ئیسرائیل دوژمنی سەرەکیی ئەم وڵاتەیە«.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەوە کرد: «ئێران پارەیەکی زۆر خەرجی حیزبوڵڵا و حەماس دەکات دژ بە ئیسرائیل، بە ڕای من ئیسرائیل پێویستە ئێران وەکوو دوژمنی سەرەکیی خۆی ببینێ و هەوڵ بدات کە لاوازی بکات. حیزبوڵڵا و حەماس پارەیەکی زۆر وەردەگرن و ئەوانیش یارمەتی ئێران دەدەن بۆ دژایەتی ئیسرائیل، هەر بەو پێیەش ئیسرائیل پێویستە یارمەتی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن بدات تا دژ بە ئێران ڕاوەستن».

لە نێوان ئەو گرووپە ئۆپۆزیسیۆنانە، ٦ میلیۆن کورد لە ئێران بوونیان هەیە کە مافی زۆریان لێ زەوت کراوە، هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کردووە کە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بایکۆت بکەن. پاش یەک دەیە خەبات (چەکداری) تا ساڵەکانی ١٩٨٠، کوردەکانی ئێران ٢٠ ساڵ بە بێدەنگی لەئاست ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکان ژیان. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ بەرەوپێش چوونێک لە ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە کوردەکان نابینێ. هیجری ساڵی ٢٠٠٦ کاتێک کە دیار بوو ئامریکا سەبارەت بە مەسەلەی ناوکی لەگەڵ ئێران دانوستان دەکات هۆشداری‌دا کە لەگەڵ ئورووپاییەکان، پێویستە فوکوس بخرێتە سەر پشتیوانی کردنی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لەم وڵاتە. مستەفا هیجری باسی لەوە کرد کە ڕێکەوتننامەی ناوکیی ساڵی ڕابردوو، دەسکەوتی ئابووری بۆ ڕێژیم هەبووە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هێما بەوە دەکات کە ئەوان حکوومەتێکی دێموکراتی فێدراڵیان دەوێت و لەو پێوەندییەدا باس لەوە دەکات: «ئێمە بە شوێن دەوڵەتێکی دێموکراتەوەین. ئێمە دەمانهەوێ کە هەر نەتەوەیەک ئۆتۆنۆمی (دەسەڵاتی خۆجێیی) خۆی هەبێت، هەروەها هەر نەتەوەیەک پێویستە نوێنەری خۆی لە دەسەڵاتی مەرکەزی هەبێت».

هیجری جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدڕاڵ هاوکاری دەکات کە گرووپەکانی دیکە لە نەتەوەکانی ئازەری، عەرەب، بەلووچ و تورکمەنەکان لە خۆ دەگرێت و بە شوێن مافی خۆیانەوە بن.

هەستێکی خیانەت لێرە بەدی دەکرێ کە کوردەکان بەرانبەر بە ئورووپا و ئامریکا هەیانە، بە هۆی ئەوەی ئەوان پشتیوانییان لە دێموکراسی و مافی نەتەوەکان نەکردووە.

هیجری باسی لەوە کرد کە: «تاجێرە ئورووپاییەکان هەموو ڕۆژ دێن بۆ ئێران تا کاری ئابووری و ڕێکەوتنی ئابووری بەڕێوە بەرن» و درێژە دەدات: «بۆیە ڕێکەوتننامەی ناوکی بۆ خەڵکی ناوچە خراپ بوو، تەنیا بۆ خودی ڕێژیمی ئیسلامی باش بوو. هیچ لایەنێکی دیکە جگە لەوان هیچ قازانجێکی پاش ئەم ڕێکەوتننامە نەبینی».

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پرسیارێک دەخاتە ڕوو کە بەڕاستی بۆچی ڕۆژئاوا بە دێموکراسی گرینگی نادات و لەو بارەیەوە: «سیاسەتی ئامریکا چاو لە ئەمڕۆ دەکات، بەڵام داهاتوو بۆی گرینگ نیە. بۆ وێنە، ئەوان پلانێکیان بۆ لەناو بردنی سەدام حوسێن هەبوو، بەڵام هیچ پلانێکیان بۆ پاش ئەو نەبوو». هیجری نیگەرانیی خۆی لەوەی کە ئامریکا لە ساڵانی ڕابردوودا ڕەوایی و دۆستانی خۆی لە ناوچەدا لەدەست دابێت دەر دەبڕی، چوونکە لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی ٥ ساڵەی سووریە شکستیان هێناوە و ئیجازەیان داوە بە تێرۆریستەکانی ئێرانی کە بڕۆنە ناو ئەو وڵاتە و پشتیوانی لە بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر بکەن.

## مستەفا هیجری:

# حیزبی دێموکرات پێشوازی لە پێوەندییەک ناکات کە ڕەوتی دێموکراسیخوازی تووشی کێشە بکات



پێشوازیی پێشمەرگەکانی حیزب لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی ڕاساندا

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەل ئاسۆ ساڵح، ڕۆژنامەوانی کوردی دانیشتووی وڵاتی سوێد، باسی لە لایەنە جیاوازەکانی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات کرد.

ئاسۆ ساڵح ڕۆژنامەوانی کورد لەو وتووێژەدا باس لەوە دەکات کە وشەی «ڕاسان» چەمکێکە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەو قۆناغە نوێیە لە خەباتی ئێستادا هەڵیبژاردووە و بە گشتی چالاکیی چەکداریی حیزبی دێموکراتە، کە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١٥دا ئەو پرسەی دیسانەوە خستە ڕوو و پاشان بە شێوەیەکی جیدی هەوڵیان بۆ داوە.

مستەفا هیجری لە وەڵامی پرسیارێکدا کە چ ئاڵوگۆڕێک بووە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات دووبارە دەست بە خەباتی چەکدار بکاتەوە، باس لەوە دەکات کە گرینگترین بابەت بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا دەگەڕێتەوە، کە گۆیا ڕێککەوتننامەی گرووپی ٥+١ ئەو جۆرەی کە بە گوێی خەڵکدا دەدرا کە دوای بەرجام دۆخی ئابووری و بێکاری لە ئێراندا باشتر دەبێت، بەڵام بە پێچەوانە خراپتر بوو.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژەدا ڕایگەیاندووە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەو ئاکامە گەیشتن کە لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر ڕێژیمی ئێران، بۆ خزمەت بە خەڵکی خۆی نیە، بەڵکوو بۆ یارمەتیدانی گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە و دەستێوەردانی نێوخۆیی لەو وڵاتانەدایە. هیجری هەروەها باس لەوە دەکات کە هۆکاری گرینگتر لە ڕێککەوتنی ناوکی بۆ دەستپێکردنەوەی چالاکیی چەکداری بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە و دۆخی نالەباری خەڵک دەگەڕێتەوە کە خەڵک داوایان لە حیزبی دێموکرات کرد بە شێوەیەکی جیددیتر یارمەتی خەڵک بکات و تا ئەوەیکە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دوای لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنە و فرە ڕەهەند بەو ئاکامە گەیشت تا لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەرنامەیەک پەسند بکات بۆ ئەوەیکە پێشمەرگە زیاتر لە نێوخۆی وڵات حزووری هەبێت. مستەفا هیجری هەروەها باس لەوە دەکات کە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دژکردەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەرەڕوو بووەتەوە، بەڵام ناوبرا لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە کە؛ حیزبی دێموکرات دەبێ هەوڵ بدات ئەو هێزانە بەو قەناعەتە بگەیەنێت کە خەباتی حیزبی دێموکرات دژی ئێران نیە و بەڵکوو بۆ ئازادیی ئێران و دابینکردنی بەرژەوەندیی هەموو ئازادیخوازەکانە.

# ڕاسان و هونەر و پێوەندیی نێوان نەسلەکان

دوکتور ڕەحیم سورخی

## پێشمەرگە ئاڵقەی پێوەندیی گەل و سیمبۆلی شێعر

پێشمەرگە ئەو ناوەیە کە سینگ بە سینگ و نەوە لەدوای نەوە لە «پێشەوا»وە هەندێ جار سرودێکی ئاشکرا، هەندێ جار «خاسەکەو» یان «بازێکی کۆسالان»ی بە هێماکراوی نێوشێعرێک و هەندێکجاریش «کورەکان»، واتە هێمایەکی وێردی سەرزاری جەماوەرێکی ژێردەست بووە و نەسلەکانی وشەکەیان لە دڵیاندا پاراستووە. کەواتە، وەک هێما، بەهێزترین ئاڵقەی پێوەندیی نەسلەکان ئەم وشەیە بووە، چونکە گەلێک هەموو خۆزگە و ئاواتەکانی لەو ناوەدا چاندووە. بۆیە تەنیا بە بوون و جووڵەی ئەویش خوێنی ورە و هیوا لە دەمارەکانی گەلیشدا دەجوڵێ.

## دابڕانی نەسلەکان و هونەر وەک ڕەهەندێکی گرێدانەوەیان

دابڕانی نەسلەکان لەوانەیە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم بزووتنەوەی نەتەوەیی – دێموکراتیکی گەلی کورد بێت. «دابڕانی نەسلەکان بەواتای پچڕانی پارادایمی مەعریفەتی و بەهایی نێوان نەسلەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەکە کە لە ڕاستیدا دەبێ ژیانێکی پەیوەستە پێک بێنن. «دوور کەوتنەوەی بەرە بەرەی دوو یان سێ نەوەی لەدوای یەک لە ڕووی جوگرافی، سۆزداری، فکری، و بەهایی، بارودۆخێکی نوێ دروست دەکا کە بە دابڕانی نەسلەکان ناودەبرێ.» ئەم دابڕانە بەشێوەیەکی سیستیماتیک لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەریشەوە بەڕێوەبەرایەتی دەکرێ.

بۆ نزیک کردنەوە و پێوەندیی نێوان نەسلەکان ڕەهەندی جۆراوجۆر پێویستە. یەک لەو ڕەهەندانە بەردەوامی لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە «شۆڕش مینبەری» و «کاوەجەوانمەرد» بەو گوڵەی لەبەرۆکی نیشتیمانیاندا دوو نەسلیان بەیەک گەیاندەوە. ئەوان هەردووک کوڕەشەهید بوون و لە تەمەنی ساوایەتییاندا باوکیان لەڕێبازی ئازادیدا شەهید ببوو. ڕەهەندێکی تر ئەوەیە کە لەسەر هەمان ڕێباز «شۆڕش ئاهی» لە هونەرەکەیدا دەینوێنێ. ئەمیش هەروەک ئەوانە، بەڵام کاری ئەم ڕەهەندێکە بۆ بەرجەستەکردنی سیمای ئەوان و ڕێبازی ئەوان. ڕەهەندێک کە بەداخەوە لە ئەزموونی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد دا کەمتر گرنگیی پێدراوە. ئەم ڕەهەندە، ڕەهەندی هونەرییە.

شۆڕش ئاهی کە ئێستا پەیکەرەی شەهید دوکتور شەرفکەندی لەبەردەستە، وەک تەمەنی فەقێیەتی «ئەحمەدی خانی» و «حاجی قادر» وایە کە نانی فەقێیەتی و هونەریان لەگەڵ گەل یەککردووە. هونەرێک لە هەناوی گەل و پێشمەرگەوە دێت. گەل پشتی دەگرێ و ئەویش سیماکان دێنێتەوە بوون. ئەمەش بەرهەمێکی دیکەی ڕاسانە. هونەرێکی دەرووست کە هاندەرەکەی وەرگرەکانێتی. ئەمە لەبەرانبەر ئەو قەڵەم و توانایانەدایە کە لەجیاتی ئازادی، پاساودەری دەسەڵاتی داگیرکەر و بەرهەمهێنەرەوەی ئەو دەسەڵاتەن.

## هونەر و ئەخلاق و ئازادی

لەو شوێنەی هونەری ئازاد قەدەغەکراوە و هەستی هونەرمەند و خەیاڵی شاعیر دەرەتانی ڕسکان و پژانی نییە، ژیانی مەعنەوی وشک و بێگیانە. ژیانی هونەری و گەشەکردنی پێویستی بە ئازادییە. چوونکە پێویستییەکی بەرهەمهاتنی بەرهەمی هونەری، ڕایی بوونی ئازادانەی توانا خەلاق و داهێنەرانەکەیەتی. هونەر بۆ ئەوەی بتوانێ ئازادیی خۆی وەرگرێ، بە بۆچوونی «بارتیلمە» دەبێ گرنگی بەدەرەوەی خۆی بدات. «ئامانج و غایەتی هونەر لەدەرەوەیەتی؛ ئەگەر ئەم ئامانجە ئەخلاقییش نەبێت، کۆمەڵایەتییە.» کەواتە « هونەر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە و تایبەتمەندیی ئەخلاقیی ڕاستەقینەشی ئەو ئاگاییەیە کە لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەدا نیشانی دەدا.»

ئەوەی دەرفەتی ڕسکان و ئازاد بوون دەڕەخسێنێ مرۆڤە ئازادیخوازەکانن کە لە نێو کورداندا بە پێشمەرگە ناسروان. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی چالاکیی نوێی پێشمەرگەکانی کوردستان کە بە «ڕاسان»ناوی دەرکرد، هونەر لە شێوە جۆراوجۆرەکانیدا تێکەڵ بەم ڕاسانە بوو. کەواتە ڕاسان ئەو مەدلولە بوو کە هێزەکانی کۆکردەوە لێرەدا، واتای دەقی هونەری بەندبوو بەو بارودۆخەوە کە ئەم واتایە بەرهەمی هێنا. ئیلهامی هەستی هونەرمەند جوڵە و ڕاسانی نوێی پێشمەرگە بوو. دەقی جۆراوجۆری شێعری، سرود، ڕیپۆرتاژ و چیرۆک و لێکدانەوە سیاسیەکان بە دەورییەوە بەرهەم هاتن.

## نیگارکێشیی سەردیوار وەک هونەرێکی ئیعترازی

ئەوکاتانەی کە ململانێ کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان لەکۆمەڵگایەکدا دەگەنە لووتکە، جۆرەکانی گرافیتی نارەزایەتیی ئەو تاک و گرووپانە دەخەنە ڕوو کە بێبەش کراون. هونەری نیگارکێشانەی سەردیوار لێرەدا ئامرازێکە بۆ پێوەندیی نێوان مەیل و خواستە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان. لە شۆڕشی کوردستاندا تاک و تەرا ئەم هونەرە هەبووە و وەک ئامرازێکی ئیعترازی بەکارهاتووە. بەڵام ڕەهەندێکی زۆر بەرچاو نەبووە. ئەگەر هەشبووبێ، لە کلێشە وێنەییەکانی تێنە پەڕاندووە.

ئێستا، لە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆی زاڵ بەسەر ئێراندا، دەرفەتی نگارکێشانی گرافیتی لەسەر دیوار نییە و بە نایاسایی دادەنرێ، ئەگەر هەشبێ بۆ دەزگاکانی ڕێژیم هەیە. بەڵام دەکرێ شێوەگەلێکی تایبەت لەگرافیتی وەک هونەرێکی قاچاغ بۆ گەیاندنی پەیامە سیاسی کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ناداد پەروەری و سەرکوتکاری سودی لێ وەربگیرێ. ئەم هونەرە دەتوانێ لە شێوە ئیعترازییەکەی لە ڕۆژهەڵات و باکوور بەکار بێت. لە باشووریش ئەم هونەرە دەتوانێ کۆمەک بکات بە گۆڕینی تێگەیشتنی جەماوەر لە فەزا. بەشێک لەو فەزا داگیرکراوە بە ڕێکلامە بازرگانییەکانی کۆمپانیاکان و دەسەڵاتە ئیقلیمی و جیهانییەکان بۆخۆی پڕی بکاتەوە. بە بیر مۆڵ و کۆمپانیاکانی باشووریشی بێنێتەوە، بەشێک لەو فەزا فیزیکییە هی ئەو پێشمەرگانەیە وا بەرگری لە نیشتیمانەکەیان دەکەن. بە بیریان بێنێتەوە کە بە چ پرۆسەیەکی خوێناویدا ڕۆیشتوون تا بەم دەسکەوتەی ئەورۆ گەیشتوون(لێرەدا چەند نموونەیەکی کارەکانی شۆڕشی ئاهی لەسەر دیوارەکانی دەوری شەقامی شەستمەتری هەولێر هەن). گرافیتی بە هەموو شێوەکانی پێویستە وەک هونەرێکی ئیعترازی لە کوردستان بەکار بێت. دیارە ئەمکارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تاک و تەرا دەبینرێ. بەتایبەتی ئەندامانی پارتە سیاسییەکان وێنەی ڕێبەرانی شەهید بە شێوەی گرافیتی بەکار دێنن. ئەمە ئەزموونێکە کە لەزۆربەی بزووتنەوە پەراوێزخراو و نهێنییەکان بەکاردێت. وەک ئیرلەندییەکان، بزووتنەوەی چەپی دژی سەرمایەداری و فێمینیستەکان. (بودریار) ئەم چەشنەهونەرە بە شێوەیەکی باش دەزانێت بۆ دەرخستنی گیانی نارەزایەتی و بە جۆرێک شۆڕشی دەزانی لەبەرانبەر فەزای نایەکسانی و هەڵاوێردراوی سەرمایەدارانەی شارەکان و پێیوایە، جیهانی سایبێر توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵی نییە. (بودریار) لەکتێبی «ئاڵوگۆڕی ڕەمزییانە و مەرگ»(١٩٧٦) لەبارەی ئەم هونەرەوە دەڵێت: بۆ ئەنجامدانی نە پێویستیی بە ڕێکخستنی جەماوەر و نە بە ئاگایی سیاسی هەیە. هەزاران گەنجی تەیار بە ماژیک و قوتووی ڕەنگی ئیسپری بۆ هەڵتەکاندنی هێما شارییەکان و تێکدانی نەزمی نیشانەکان بەسە..»







سێ بەرهەمی هونەرمەند شۆڕش ئاهی

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ No: 682 ▪6 aug 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


## بەردەوامیی شەپۆلی ئێعدام لە ئێراندا




لە درێژەی ڕەوتی ئێعدامەکان لە ئێراندا، لە زیندانی گەورەی تاران هەنووکە ٥٢ زیندانیی ژێر تەمەنی ٣٢ ساڵ چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامەکانیانن.

لە زیندانی گەورەی تاران بە ناوی «فشافوویە» لانیکەم ٥٢ لاوی ژێر تەمەنی ٣٢ ساڵ، چاوەڕوانی جێبەجێ کرانی حوکمی ئێعدامەکانیانن.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، لە تیپی ١ی ئەو زیندانەدا، ٣٢ زیندانی و لە تیپی ٢ی هەمان زیندان ٢٠ زیندانیی دیکە حوکمی ئێعدامەکانیان پشتڕاست کراوەتەوە.

سەرجەم لەو زیندانە ٥٢ زیندانیی ژێر تەمەنی ٣٢ ساڵ چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی سزای ئێعدامن.

بە وتەی «ناوی پیلای» کۆمیسێرێکی پایەبەرزی بیاقی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠١٣ی زایینیی‌دا، لانیکەم لە ئێران ٥٠٠ کەس ئێعدام کراون و هەنووکە ١٦٠ کەس کە لە تەمەنی منداڵیدا تووشی تاوان بوون، لە زیندانەکانی ئێراندا چاوەڕێی بەڕێوەچوونی سزای ئێعدامن.

ماوەیەک پێش لە نوێترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی‌دا بڵاوکراوەتەوە، ئێران لە ساڵی ڕابردوودا (٢٠١٥) ٩٩٧ کەسی ئێعدام کردووە کە بە نیسبەت ساڵ پێشوو (٧٤٣)، زیادی کردووە.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ساڵی ٢٠١٣ی زایینی لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئاشکرای کرد کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە لەسەرەوە بوونی ئامارەکانی ئێعدام لە جیهاندا ئەژمار دەکرێت.

## شەش زیندانیی کورد لە ورمێ ئێعدام کران



بەرپرسانی دادوەریی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران سزای لەسێدارەدانی ٦ کەسیان لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری ورمێ جێبەجێ کرد.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەشی گەلاوێژ، سزای لەسێدارەدانی ٦ هاووڵاتیی کورد لە حەوشەی گرتووخانەی «دەریا» جێبەجێ کراوە.

ناسنامەی کەسانی ئێعدامکراو؛ مەجید هێرکولی، ڕەحمان فوولادی، موجتەبا شیرخانی، عەبدوڵڵا قادری، عەلی تەلعەتی و چەنگیز شیری ڕاگەیەندراوە.

ئەو شەش کەسە لە لایەن دادگەکانی ئێرانەوە بە «کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر» تۆمەتبار کراون و تاکوو دوێنێ بەیانی، لە بەندەکانی ١٢ و ١٤ی گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ ڕاگیرابوون.

تا ئێستا هیچ ناوەندێکی فەرمیی حکوومەتی، سەبارەت بە ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٦ کەسە هەڵوێستی نەبووە و دادگوستەریی گشتیی ورمێش لەوبارەوە بێ‌دەنگە.

ڕۆژی دووشەممەی ئەو حەوتوویەش زیندانییەکی کورد لە شاری سونقور لە پارێزگای کرماشان ئێعدام کرا. ئەم کەسە تۆمەتی «قیساسی نەفس»ی لەسەر بوو.

بەپێی ئامارێک کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران بڵاوی کردووەتەوە، لانیکەم ٢٥٠ کەس لە ڕۆژی ١١ی بەفرانباری ساڵی ڕابردووەوە تاکوو ٣٠ی پووشپەڕی ئەمساڵ، لە ئێراندا ئێعدام کراون.

تاوانی پێوەندیدار بە «مادەی هۆشبەر» و «کوشتن» زۆرینەی لەسێدارەدراوەکانی نێو گرتووخانەکانی ئێران لەخۆ دەگرێت.

## گوشارخستنە سەر بنەماڵەی چالاکێکی مەدەنی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە

لە درێژەی بانگهێشت کردن و گوشار خستنەسەر بنەماڵەی چالاکانی مەدەنی لە کوردستان، هێزەکانی ئیتلاعات لە شاری مەریوان چەند جارێک خێزانی یەکێک لە چالاکانی مەدەنیی ئەو شارەیان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کردووە.

لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا، هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە شاری مەریوان، خێزانی یەکێک لە چالاکانی مەدەنیی ئەم شارە بە ناوی «عەدنان قادری»یان بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردووە.

عەدنان قادری یەکێک لە چالاکانی مەدەنیی شاری مەریوانە کە ماوەیەکە بێ‌سەروشوێنە و ئیدارەی ئیتلاعات هەموو ڕۆژێک خێزانی ناوبراو بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتی ئەو ئیدارەیە دەکات.

یەکێک لە نزیکانی ئەو بنەماڵەیە لە پەیوەندییەکی تەلەفوونی‌دا بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: خێزانی عەدنان بە ناوی «شادیە فەتحی» ماوەی ١٠ ڕۆژە، هەموو ڕۆژێک بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات دەکرێت.

ئەو سەرچاوەیە لە درێژەدا گوتی، لە ڕۆژی پێنجشەممەوە هەتاکوو ڕۆژی شەممە، پێنج جار خێزانی عەدنانیان بانگهێشت کردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە ئەگەر لە زووترین کاتدا ئەو چالاکە مەدەنییەیان بۆ پەیدا نەکات، خانووکەی بە سەری‌دا دەڕووخێنن.

بە وتەی ئەو هاووڵاتییە، ناوبراو ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیی ڤەژینە و ماوەی نزیک بە ٢٠ ڕۆژە بنەماڵەکەی هیچ ئاگایان لێی نیە و بێ‌سەروشوێنە.



عەدنان قادری، یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەنجومەنی فەرهەنگی_ ئەدەبیی ڤەژینی شاری مەریوانە و لەدایک بووی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوییە.

هەرلەو پەیوەندییەدا، هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە شاری جوانڕۆ، گوشاریان خستووەتە سەر بنەماڵەی وەهاب فەخری، کە نیشتەجێی یەکێک لە وڵاتانی ئورووپاییە، بۆ ئەوەیکە کوڕەکەیان بگەڕێننەوە بۆ ئێران.

هەروەها، ماوەیەک لەمەوبەر، چالاکێکی کرێکاریی خەڵکی مەهاباد بە ناوی «سەلاحەدین مالک تومەتەری» بە هۆی گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکانی حکوومەتی ئێران، پەڕیوەی یەکێک لە وڵاتانی ئورووپایی بووە.

## جێگری ڕێکخراوی بەسیجی ئێران باسی لە ژیانی ئاشتیخوازانەی شێعە و سوننی کرد

جێگری ڕێکخراوی بەسیج و ڕۆحانییەکانی ئێران ڕایگەیاند: پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی موسڵمانانی شێعە و سوننی لە تەنیشتی یەکتر، یەکیەتی خەڵک بۆ بەرنگاربوونەی ئیستکبار، پشتیوانی لە هەژاران لە بەرانبەر زاڵمدا، تەنیا بەشێک لە ئامانجی سەرەکیی ئینقلابی ئیسلامی بەئاژمار دێت.

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، عەلی ئەکبەر داربکەلایی، لە کاتی ڕەوانە کردنی کەسانێک بۆ ناوچەکانی شەڕ، لە ژێر ناوی «راهیان نور»دا، ڕایگەیاند بە هەڵسەنگاندنی هەوڵەکانی دوژمن لە ئەفغانستان، پاکستان و عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، تەواوی هەوڵەکان بۆ خەبات لە پێناوی پێکهێنانی ئینقلابی ئیسلامییە، کە بڵاوبوونەوەی تەواوی ئەو بیرۆکەیە بە نیشانەی لە ناوچوونی بیروباوەڕ و هەوڵەکانی ئیستکبار لە جیهاندایە.

ئەو بەرپرسە لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی، تەواوی ئەو هەوڵانە دەتوانن بە نیشانەی لێکترازانی ڕیزی بەکرێگیراوەکانی ئیستکبار و کوژاندنەوەی ئاگری هەوڵە دوژمنکارانەکانی ئەوان لە جیهاندا بێت.

بانگەشەکانی ناوبراو لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتی قەزایی ئێران ڕۆژی سێ‌شەممە ١٢ی گەلاوێژ، باسی لە ئێعدام کردنی ژمارەیەک لە زیندانیانی سوننی مەزهەب بە تۆمەتی «دوژمانایەتی لەگەڵ خودا»، «سەر بە گرووپەچەکدارەکان» و «تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزە ئینتیزامییەکان»، کرد.

شوناسی ئیعدام کراوەکان دوێنی بەناوەکانی «شەهرام ئەحمەدی، خالید مەلەکی، موختار ڕەحیمی، بەهمەن ڕەحیمی، کاوە وەیسی، ئارش شەریفی و کاوە شەریفی» ڕاگەیەنراوە.



هەر لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی سێ‌شەممە، ٢١ زیندانیی سوننی مەزهەب لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج ئێعدام و نزیکەی ١٧ زیندانیی دیکە، ئەگەری ئیعدام کردنیان لە ئارادایە.

حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، لە کاتێکدا باس لە پێکەوە ژیانی ئاشتیخوزانەی نێوان موسڵمانانی شێعە و سوننی دەکات، کە لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیەوە لە ئێران، لە ناوچە هەژارنشین و سوننی مەزهەبەکانی کوردستان و سیستان و بەلووچستان، خەڵکی ئەو ناوچەیە، بە هۆی مەسەلەی سوننی بوون و نەتەوەیی بونیان زیاتر سەرکوت کراون و ڕێژەی ئیعدامی زیاتری تێدا ئەنجام داوە.

## ئێعدامکردنی زیندانییان بۆ دروستکردنی ترس و خۆف لە نێو چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستاندایە

ئێعدامی بەربڵاو و بێ وێنەی چالاکانی عەقیدەتی کورد لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج، لەگەڵ دژکردەوەی توندی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان بەرەوڕوو بووە.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان سەبارەت بە ئێعدامکردنی چالاکانی عەقیدەتی کورد، بەیاننامەیەکی لە ڕۆژی ١٣ گەلاوێژدا بڵاوکردەوە.

لەو بەیاننامەیەدا، ئێعدامکردنی چالاکانی عەقیدەتی بە «زاڵمانە و نایاسایی» وەسف کردووە و ئێعدامی لانیکەمی ٢٥ زیندانیی مەزهەبی کورد لەژێر ناوی «پێکهێنان و ترس و خۆف لە نێو چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردستان» ناو دەبات.

ئەو ڕێکخراوە لەو بەیاننامەیەدا ئێعدامەکان بە «پروسەیەکی جێی شیاو لە دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامی» دەزانێت و بە داخبوونی خۆیان لە هەمبەر ئەو کردەوانە دەربڕی و داوکاری «ڕاگرتنی پرۆسەی هەمەلایەنە»ی سزای نامرۆڤانە بوو.

هاوکات لەگەڵ ئەو بایاننامەیەدا، فێدراسیونی نیونەتەوەیی کۆمەڵگای مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە ئێرانییەکانی ئەندام، کۆمەڵگای داکۆکی لە مافی مرۆڤی لە ئێران، ئێعدامی دەیان زیندانیی سوننە مەزهەب لەو وڵاتەدا بە توندترین شێوە مەحکووم کرد.

عەبدولکەریم لاهیجی، بەرپرسی فێدراسیونی نێونەتەوەیی کۆمەڵگاکانی مافی مرۆڤ لەو بارەیەوە گوتوویەتی: کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ناتوانێت بە لە بەرچاو نەگرتنی پێشێلکردنی زەق و بەرچاوی مافی مرۆڤ بە دەست دەسەڵاتدارنی ئێران درێژە بدات.

ئێعدامی ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییانی کوردی سوننە مەزهەب بەپێی «اعترافات»ی زۆرەملی و محاکمەی نادادپەروەرانە، بێڕێزی بە سەرەکیترین ڕێساکانی مافی مرۆڤە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ١٢ گەلاوێژ لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج لانیکەم ٢٥ چالاکی عەقیدەتی بە ناوەکانی «کاوە وەیسی، تالب مەلەکی، بێهروز شا نەزەری، کاوە شەریفی، ئارش شەریفی، کەیوان مۆئیمێنی فەر، وریا قادری، عالم برماشتی، بەهمەن ڕەحیمی، موختار ڕەحیمی، یاوەر ڕەحیمی، شاهۆ ئیبراهیمی، ئومید پەیوەند، ئادریس نعمەتی، ئەحمەد نەسیری، فەرزاد هەنەرجو، ئەمجەد ساڵحی،محەممەد غەریبی، شارام ئەحمەدی، کەیوان کەریمی، ئومید مەحمودی، پوریا محەممەدی لەگەل حکمەت عێراقی، حەمزە عێراقی و عەلی عیراقی لە سێدارە دران.

## دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لە کوردستان درێژەی هەیە

لە درێژەی بانگهێشت و دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لە شارەکانی کوردستان لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە، هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری مەهاباد دەستبەسەر کرا.

ڕێکەوتی ٤ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری مەهاباد بە ناوی «فایەق جیهانی» کوڕی عەلی، تەمەن ٣٦ ساڵە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

فایەق جیهانی ماوەی یەک حەوتووە دەستبەسەرە و هەتاکوو ئێستا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا نەبووە.

ئەو هاووڵاتییە کوردە خێزاندار و خاوەنی دوو منداڵی کەم تەمەنە و خەریکی فرۆشتنی کەرەسەی پەڕاوەگە «نوشت افزار»ە.

دەوترێ، فایەق سی ڕۆژ پێش لە دەستبەسەرکردنی بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد کراوە و پاش دوو کاتژمێر لێپرسینەوە ئازاد کرا، بەڵام ناوەندی ئەمنییەتی شاری مەهاباد بە بیانووی لێپرسینەوە جارێکی دیکە بانگهێشت و دەستبەسەری دەکەن.

هێزە ئەمنیەتییەکانی شاری مەهاباد، تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردەییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیان ، وەپاڵ ئەو هاووڵاتییە کوردەیان داوە.

سەرەڕایی دەستبەسەر کردن و ناڕوونی چارەنووسی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بنەماڵەکەی بۆ ئاگادار بوون لە مەڕ چارەنووسی فایەق چەند جارێک سەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەیان کردوە، بەڵام هیزەکانی ئیتلاعات لە دانی هەر زانیارییەک لە چارەنوسی ئەو هاووڵاتییە خۆیان بواردووە و ئەمەش نیگەرانی لای بنەماڵەی ناوبراوی لێکەوتووتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ماڵپەڕی کانوونی داکۆکیی مافی مرۆڤی کوردستان باسی لە دەستبەسەر کردنی چالاکێکی مەدەنی بە ناوی «ئارش حوسین پەناهی» کرد کە بۆ دووهەمین جار لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری دوێولان دەستبەسەر کراوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا حەوتووی ڕابردووش، ئیدارەی گشتیی ئیتلاعاتی پارێزگای کرماشان ٩ هاووڵاتیی خەڵکی شاری سەلاسی باوجانی دەستبەسەر کرد.